خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5698) چوارشەممە 20ی شوبات 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا دەکات

سەرۆک بارزانی: فەرهەنگی گەلی کوردستان ڕێگە بەوە نادات تیرۆریستان پێگەیان لە کوردستان هەبێت




ئەلێکساندەر دیکرۆ: بەلجیکا و یەکێتیی ئەورووپا وەک هاوبەشی هەرێمی کوردستان دەمێننەوە و پابەند دەبن بەو هاوبەشییە

دوێنێ سێشەممە 2019/2/19 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ئەلێکساندەر دیکرۆ جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی بەلجیکا و کریستۆس سپێلانز کۆمسیاری یەکێتیی ئەورووپا بۆ هاوکارییە مرۆییەکان کرد.

لە دیدارەکەدا جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا پێزانینی بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و دروستکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا هەبوو و ڕایشیگەیاند کە هاتنییان دووپاتکردنەوەی ئەو پەیامەیە کە یەکێتیی ئەورووپا و بەلجیکا پشتگیریی ئەو هەوڵانە دەکەن کە لە کوردستان و عێراق بۆ پێشکەوتن و بەدیهاتنی سەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە ئارادایە. ئەوەیشی خستەڕوو کە لەم ڕووەوە هێشتا کاری زۆر ماوە کە پێویستە ئەنجام بدرێن، بۆیەشە بەلجیکا و



هەرکەسێک بەم دۆخەی ئێستا ببێتە پارێزگاری کەرکووک هیچ دەسەڵاتێکی نابێت



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا و شاندی یاوەری دەکات

پێویستە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق بۆ زێدی خۆیان بڕەخسێندرێت

دوێنێ سێشەممە 2019/2/19 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ئەلێکسەندەر دی کرو، جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا و کریستۆس ستایلیناديس کۆمیساری یەکێتی ئەورووپا بۆ یارمەتی مرۆیی و بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و شاندی یاوەری کرد. لە دیدارێکدا، وێڕای تاوتوێکردنی پەرەسەندن و پێشهاتەکان و کاریگەریی شەڕی تیرۆریستان لە ناوچەکە، پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و دەرفەتی بازرگانی و وەبەرهێنان لەنێوان هەردوولا و یارمەتی مرۆیی و هەماهەنگی یەکێتی ئەورووپا خرایە بەرباس.

مەسرور بارزانی سوپاسی گەل و حکوومەتی بەلجیکای کرد لەبەرامبەر هاوکارییەکانیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆریستاندا و ئاواتی خواست کە هاوکارییەکانی بەلجیکا و یەکێتی ئەورووپا بۆ ئاوەدانکردنەوە لە ناوچەکەدا و یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستاندا فراوانتر بکرێت و زەمینەیەکی لە بار بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق بۆ زێدی خۆیان بڕەخسێندرێت.

لەلای خۆیەوە جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا پێزانینی هەبوو بەرامبەر قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگە و تیشکی خستە سەر ئامانجی سەردانەکەی، کە هاوکاری کردنی هەرێمی کوردستان و عێراقە و ڕایگەیاند، بۆ ئەوە لێرەن تا هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخ و پێویستییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکەن، هاوکات ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە بواره جیاجیاکاندا دەربڕی.

لەلای خۆیەوە کۆمیساری یەکێتی ئەورووپا بۆ یارمەتی مرۆیی و بەڕێوەبردنی تەنگژەکان ئاماژەی بە ڕۆڵی هەرێمی کوردستاندا لە دالدەدانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاواره و پەنابەران و ئامادەیی یەکێتی ئەورووپای لە زیاترکردنی یارمەتییە مرۆییەکان و هەماهەنگی لە گشت بواره‌کان نیشاندا.

پەرلەمانتارێک: سەرۆکایەتیی لێژنەکانی پەرلەمان بەپێی بەرکەوتە و سانت لیگۆ یەکلایی دەکرێنەوە

بەپێی یاسا دەبێت لە وەرزی یەکەمی یاسادانان دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم ئەکتیف بکرێتەوە





ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێبوار بابەکەیی ڕایگەیاند کە سەرۆکایەتی لێژنەکانی پەرلەمان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و سیستەمی سانت لیگۆ دیاری دەکرێن.

ڕێبوار بابەکەیی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: دوێنێ سێشەممە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بەدیاریکراویش سکرتێری پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکان بە مەبەستی ئەوەی فراکسیۆنەکان ئەندامەکانیان دەستنیشان بکەن بۆ لێژنەیەکی گرنگ کە ئەویش لێژنەی یاساییە، چونکە کرۆکی کاری وەزیفی پەرلەمانی لە ڕووی تەشریعییەوە بریتییە لە لێژنەی یاسایی، لەئێستاشدا پێویستە ئەو لێژنەیە دروست بکرێت ئەگەرچی لێژنەکانی دیکەش دوابکەوێت، بەڵام بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و کاراکردنەوەی دامەزراوەیەکی گرنگی وەکو دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم پێویستییمان بەوە هەیە ئەم لێژنەیە پێکبهێنرێت و دەستبەکاربێت.

سەبارەت بە ئەگەری دیاریکردنی ئەندامانی لێژنەی یاسایی بەبێ ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بابکەیی گوتی: ئێمە ئومێد دەکەین فراکسیۆنی سەوزیش لە پەرلەمانی کوردستان بن و ئامادەییان هەبێت لە پێکهێنانی لێژنەکان، ئەگەرچی پێڕێ بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانیان کرد، چونکە ناکرێت لێژنەکان بەبەسترێتەوە بە بابەتی پێڕێ، چونکە بابەتی پێڕێ بریتی بوو لە سەرخستنی ئیرادەی گەلی کوردستان، هیچ پەیوەست نییە بە ردەهندی سیاسییەوە، چونکە پەرلەمان دامەزراوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو تەشریعییە، بۆیە ئومێد دەکەین هەبن، ئەگەر ئامادەنەبن و نەشبن دەبێت کاری پەرلەمان بەردەوام بێت و پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی بە کردەیی بکەونە سەر ئیش پێویستە لێژنەکان پێکبهێنرێت.

ئەمڕۆ دوو پڕۆژەی گەورە لە هەولێر ڕادەگەیەندرێن



پۆلیسی هەولێر هێرشکەری سەر پزیشکەکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای دەستگیر کرد



بۆ دووركەوتنەوە لە شێرپەنجەی مەمک شێوازی ژیانتان بگۆڕن



سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە فەخری کەریم کرد

پێویستە تواناکان بۆ یەکخستنی هەڵوێستی لایەنەکانی کوردستان تەرخان بکرێت

دوێنێ سێ شەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە فەخری کەریم، سەرۆکی دەزگای مەدا بۆ ڕاگەیاندن، ڕۆشنبیری و هونەر، کرد. لەدیدارەکەدا ڕۆشنایی خرایە سەر ڕەوشی سیاسیی هەرێم و بەپێویست زاندرا پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خێراتر بکرێت، چونکە ئەوە کاریگەریی لەسەر ئەو کەشە سیاسییە ئیجابییە هەیە کە دوای هەڵبژاردنەکان هاتۆتە کایەوە. جەختیش کرایەوە کە لەبەر ئەو ئەرکە هەستیارەی لەهەموو ڕووە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەکەوێتە سەر هەرێم، پێویستە تواناکان بۆ یەکخستنی هەڵوێستی لایەنەکانی کوردستان تەرخان بکرێت.

هەروەها لە دیدارەکەدا تەئکید کرایەوە کە ئەرکی لەپێشینەی کابینەی نوێی هەرێم ئەوەیە پەلە بکات لە وەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کوردستان و چالاککردنی بواری ئابووری و پێشکەوتن و گەشەسەندن.

سیاسەتمەدارێک: لەوە زیاتر تاخیر بوونی پەرلەمان کەموکوڕی بوو لە پرۆسەی سیاسیدا



دیندار دۆسکی، سیاسەتمەداری کورد دەڵێ، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، زۆر ئەرێنی و گرینگ بوو، چونکە لەمە زیاتر دوا بخرایە، خەڵک چیدیکە متمانەی بە هەڵبژاردن نەدەما و کەموکوڕییەکیش بوو لە پرۆسەی سیاسیدا، بۆیە پێویستە بە زووترین کات پارتی و یەکێتی گفتوگۆی دیکە بکەن بۆ ئەوەی حکوومەتیش پێکبهێندرێت.

د. دیندار دۆسکی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دیاریکردنی دەستەی نوێی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، هەنگاوێکی ئەرێنی و زۆر باش و گرینگ بوو و پێمان خۆش بوو یەکێتییش بەشداری بکات، بەڵام نەدەکرا لەمە زیاتر دەستبەکاربوونی پەرلەمان دوا بخرێت، چونکە نەبوونی پەرلەمان کەموکوڕییە لە پرۆسەی سیاسیدا.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد باسی لەوەش کرد: پرۆسەی هەڵبژاردنەکە زۆر بە باشی بەڕێوەچوو و ئەوەی جێگەی دڵخۆشییش بوو، پارتی ئەوەی ڕاگەیاند کە پێستی سەرۆکی پەرلەمان مافی یەکێتییە و بە شێوەی کاتی وەریدەگرن تاوەکو بەشداری لە پەرلەماندا دەکەنەوە، بۆیە پەرلەمان دەستبەکار بوو و ئیدی پێویستە هەنگاو بۆ حکوومەت بنرێت و یەکێتییش بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی کێشەکان چارە بکرێن. دۆسکی ڕاشیگەیاند: بۆشاییەکی یاسایی لە هەرێم هەبوو و بە هۆی نەبوونی پەرلەمانەوە، حکوومەت بێ چاودێری بوو، بەڵام ئێستا دەتوانێ هەموو کارەکانی ئەنجام بدات و یاسای نوێ دەربکات، بۆیە هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو.

دەشڵێ: لەمە زیاتر دەستبەکاربوونی پەرلەمان دوا بخرایە، خەڵکی کوردستان ئیدی متمانەی بە هەڵبژاردن نەدەما، بۆیە دەستخۆشییان لێ دەکەین کە ئەو هەنگاوەیان نا و پەرلەمان دەستبەکار بوو، هیوادارینین بە زووترین کات یەکێتی و پارتی بگەنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی حکوومەتیش دروست بکرێت".

گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و سعوودیە تەشەنە دەکات

هاوکات لەگەڵ تەشەنەکردنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و سعوودیە، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، حکومەتی سعوودیەی بە "باوکی تیرۆریزمی تەکفیری لە جیهان" لە قەڵەم داوە. بەهرام قاسمی لە کاردانەوەی قسەکانی عادل ئەلجوبێر، وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ کاروباری دەرەوە، کە دژی ئێران کردبووی، گوتووبەتی: دەوڵەتی سعوودیە وەک سەرچاوەی بیرۆکەی تووندوئاژۆیی و بنەمای تیرۆریزمی ڕێکخراوەییە لە ئاستی جیهاندا. جێی باسە عادل ئەلجوبێر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا لە پاکستان ئێرانی بە "پشتیوانی سەرەکیی تیرۆریزم لە ماوەی چەند دەیەی دەوایی" لەقەڵەم دابوو. ئەو بەرپرسە باڵایەی سعوودیە لە کاردانەوەی بە تۆمەتی ئێران بە سعوودیە لە پەیوەندی لەگەڵ دەستێدابوون لە تەقینەوەی خۆکوژیی پاسێکی هەڵگری چەکدارانی سوپای پاسداران، ڕۆڵی ئێرانی بە تێکدەرانە زانیوە .



هێزەکانی سووریای دیموکرات داوای مانەوەی 1500 سەربازی هاوپەیمانان دەکەن لە سووریادا

دەنگی ئەمەریکا/سەرکردەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات مەزڵوم کۆبانی داوای مانەوەی 1000 بۆ 1500 سەربازی هاوپەیمانانی کرد لە سووریا بەمەبەستی یارمەتیدانیان لە جەنگیانگدا دژی ڕێکخراوی داعش، هەروەها هیوای خۆی دەربڕی سەبارەت بەوەی ئەمەریکا واز لە پلانەکەی بهێنێت بۆ کشانەوەی تەواوی هێزەکانی لە سووریادا. ئەم لێدوانەی کۆبانی دوای گفتوگۆکانی هات لەگەڵ ژمارەیەک جەنەڕاڵی باڵای ئەمەریکادا لە سووریا. ئەمەش داوایەکی ڕوون و ئاشکرای هێزەکانی سووریای دیموکرات دەردەخات سەبارەت بە بەردەوامبوونی یارمەتییە سەربازییەکانی هاوپەیمانان بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا.

هەروەها هیوای خۆشی دەربڕی سەبارەت بەوەی سەرۆکی ئەمەریکا دانۆڵد ترەمپ هەندێک لە توندی بڕیارەکەی کەم بکاتەوە سەبارەت بە کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئەمەریکا. کۆبانی بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: هاوکارییەکی ئاسمانی و پشتیوانییەکی ئاسمانیمان دەوێت تاوەکو هەماهەنگی بکەن لەگەڵ هێزەکانماندا لەسەر خاکەکە. جێی ئاماژەیە هێزەکانی سووریای دیموکرات بە یارمەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا خەریکە کۆتا شوێنی ڕێکخراوی داعش کۆنترۆڵ دەکەنەوە. کۆبانی گوتیشی: گفتوگۆ هەیە لەسەر ئەگەری بڵاوکردنەوەی هێزی فەرەنسی و بەریتانیا بۆ پشتیوانیکردن لە هێزەکانی سووریای دیموکرات لە سووریا. بەڵام جەختی لەوەش کردەوە ئارەزووی ئەوە دەکات بەڵایەنی کەمەوە بەشێکی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریادا بمێننەوە کە ئێستا ژمارەیان دەگاتە دوو هەزار سەرباز.

مستەفا عەبدولڕەحمان:

بۆ ئەمساڵ پێشبینی بەرەوپێشچوونێکی باش دەکەین لە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دەرەوە



سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان، مستەفا عەبدولڕەحمان لە لێدوانێکیدا لە بارەی گرنگی و کاریگەری جێبەجێکردنی بڕیاری پێناسی گومرکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان، هەڵگرتنی خاڵە گومرکییەکانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی، هەروەها قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان قسەی کرد.

مستەفا عەبدولڕەحمان گوتی: یەکخستنی پێناسەی گومرکی لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان کە لەم هەفتەیەدا چووە بواری جێبەجێکردنەوە لەناوخۆدا گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت لەوەی بازرگانان و هاوردەکاران لە گشت سنوورەکانەوە بە شێوەی یەک پاکێج دەتوانن کاڵاکانیان هاوردە بکەن بۆ هەرێم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێناسەیە زۆربەی پشتی بەستووە بە ڕسوماتی گومرکی هەرێم کە ئەوەش خاڵێکی باشە و ڕسوماتی گومرکی هەرێم کەمترە لە عێراق، بەڵام لە هەندێک کاڵادا پشت بەستراوە بە بەهای گومرکی عێراق بەوەش نرخەکان زیاد دەکات بە تایبەت لە ئۆتۆمۆبێلە مۆدێل بەرزەکاندا. گوتیشی: بە شێوەیەکی گشتی یەکخستنی پێناسی گومرکی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هەموو سنوورەکانی هەردوولا پێکەوە دەبەستێتەوە و بازرگانان و هاوردەکاران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانن لە هەر سنوورێکەوە بیانەوێت کاڵای خۆیان هاوردەی هەرێم و عێراق بکەن.

پێش چەند ڕۆژێک بڕیاری هەڵگرتنی خاڵە گومرکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەو خاڵە گومرکییانە هەڵگیران کە پێشتر لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە دادەنران و کاریگەری گەورەی لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی دروستکردبوو. سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان لەو بارەیەوە گوتی: ئەو خاڵە گومرکییانەی حکوومەتی عێراق لە نێوان هەرێم و عێراق داینابوو کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبوو لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێم و شارەکانی تری عێراق، بەڵابردنی ئەو خاڵە گومرکییانەش بوژاندنەوەیەک دروست دەبێت لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوولا بۆ ئەوەی بتواندرێت پێکەوە ببەسترێنەوە و کارخانەکانی هەردوولا لەگەڵ شارەکانی تر کار بکەن و ئەو نرخانەی بە هۆی ئەو خاڵە گومرکییانەوە زیاد بووبوون دادەبەزێتەوە و هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەبوژێتەوە.

ئەو هەروەها گوتی: ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ساڵی 2016 و 2017 کەمتر بووە، بەڵام لە ساڵی 2018 تواندراوە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە زیاتر بکرێت، بۆ ئەمساڵ 2019 پێشبینی بەرەوپێشچوونێکی باش دەکەین لە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دەرەوە، هەروەها هەرێمی کوردستان بە هۆی لابردنی خاڵە گومرکییەکانەوە هاوشێوەی ساڵانی 2010 و 2011 دەبێتە سەنتەرێکی بازرگانی بۆ ناو شارەکانی عێراق.

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا: ئەمەریکا هەوڵی دابەشکردنی سووریا و دروستکردنی دەوڵەتێک لە ڕۆژئاوای کوردستان دەدات



دوای ئەوەی لە مۆسکۆ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سلۆڤاکیا و کاروباری ئەوروپای ئەو وڵاتە، میرۆسلاڤ لاجاک کە سەرۆکایەتی ئەم قۆناغەی ڕێکخراوی هەماهەنگی و ئاسایشی ئەورووپا دەکات کۆبوونەوە، لاڤرۆڤ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشی سازدا. سێرگی لاڤرۆڤ لە گوتەکانیدا لووتکەی سێقۆڵیی ڕووسیاو تورکیاو ئێرانی وەبیرهێنایەوە کە هەفتەی ڕابردوو لە سۆچی بەڕێوەچوو. سیرگی لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوە دا کە لە لووتکەکەی سۆچیدا تاوتوێی ڕەوشی ئیدلب، پرۆسەی سیاسیی لە سووریا و کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا کراوە. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا جەختی لەوە کردەوە کە ئەو ناوچە ئارامەی ئەمەریکا دەیەوێت دروستی بکات ئارامی بەدینایەت و گوتی: ئامانجی ئەمریکا ئەوەیە سووریا دابەش بکات و دەوڵەتێک لە ڕۆژهەڵاتی سووریا دروست بکات. لە پێناو ئەوەی هانی هاوپەیمانەکانی دەدات زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکەن.

هەرکەسێک بەم دۆخەی ئێستا ببێتە پارێزگاری کەرکووک هیچ دەسەڵاتێکی نابێت

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەڵێت، گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان یەکێتی و پارتی دەکرێت بۆ ئەوەی لەسەر پرسی کەرکووک بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام پارتی نایەوێت پارێزگارێکی بێدەسەڵات بۆ کەرکووک دابنرێت و هەرکەسێک بەبێ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە ببێتە پارێزگار هیچ دەسەڵاتێکی نابێت. دیاری حوسێن، جێگری سەرکۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک _ گەرمیان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هۆکاری کۆنەبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیەوێت پارێزگار دیاری بکرێت لەکاتێکدا خۆیان هۆکاری ئەوە بوون کە پارێزگار نەمینێت و پارێزگاریش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەوان بووە، ئێستا جارێکی دیکە دەیانەوێت پارێزگارێکی دیکە دابنێن، لەکاتێکدا تا ئێستا نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکە. دیاری حوسێن گوتیشی: کێشەکە لەسەر شوێنی کۆبوونەوە نییە و لەسەر پارێزگارە و ئەگەر پارێزگاریش دابنرێت بەم دۆخەی ئێستا کە داگیرکراوە و دەسەڵاتی سەربازییە، هیچ دەسەڵاتێکی نابێت، بۆیە ئێستا پێویست بەوە ناکات پارێزگار دابنرێت تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی دەکرێتەوە و هەرکاتێک دۆخەکە ئاسایی بووەوە، ئەوکات دەکرێ پارێزگار دیاری بکرێت.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا دەکات

سەرۆک بارزانی: فەرهەنگی گەلی کوردستان ڕێگە بەوە نادات تیرۆریستان پێگەیان لە کوردستان هەبێت

ئەلێکساندەر دیکرۆ: بەلجیکا و یەکێتیی ئەورووپا وەک هاوبەشی هەرێمی کوردستان دەمێننەوە و پابەند دەبن بەو هاوبەشیە



دوێنێ سێشەممە 2019/2/19 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئەلێکساندەر دیکرۆ جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی بەلجیکا و کریستۆس سپێلانز کۆمسیاری یەکێتیی ئەورووپا بۆ هاوکارییە مرۆییەکان کرد.

لە دیدارەکەدا جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا پێزانینی بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و دروستکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا هەبوو و ڕایشیگەیاند کە هاتنییان دووپاتکردنەوەی ئەو پەیامەیە کە یەکێتیی ئەورووپا و بەلجیکا پشتگیریی ئەو هەوڵانە دەکەن کە لە کوردستان و عێراق بۆ پێشکەوتن و بەدیهاتنی سەقامگیری و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە ئارادایە. ئەوەیشی خستەڕوو کە لەم ڕووەوە هێشتا کاری زۆر ماوە کە پێویستە ئەنجام بدرێن، بۆیەشە بەلجیکا و یەکێتیی ئەورووپا وەک هاوبەشی هەرێمی کوردستان دەمێننەوە و پابەند دەبن بەو هاوبەشیە. سوپاسی دامودەزگای هەرێمی کوردستانیشی کرد کە لە کاتی قەیران و تەحەددیاتەکاندا هاوکاری یەکێتیی ئەورووپا وجیهان بوونە بە تایبەت لە پرسی تیرۆر و هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران.

پەیوەست بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا، پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان و ئەوەی بە هەنگاوێکی ئیجابی لە پێشڕەچوونی پرۆسەی سیاسیی هەرێم لە قەڵەمدا. شاندی میوان تەئکیدی لەوەیش کردەوە کە سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی عێراق و کوردستان بۆ یەکێتیی ئەورووپا بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی بەلجیکا و یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتیی دژی داعشی کرد کە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونە و وێڕای جەختکردنەوە لەوەی کە ئەو هاوکارییە ئەنجامی باشی هەبووە، ئەوەیشی دووپاتکردەوە کە فەرهەنگی گەلی کوردستان ڕێگە بەوە نادات تیرۆریستان پێگەیان لە کوردستان هەبێت و سووربوونی کوردستانیشی لە دژایەتیکردنی تیرۆریستان بە شاندی میوان ڕاگەیاند.

لەبارەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمیش سەرۆک بارزانی وێڕای ئاماژەدان بە گرنگیی و میژوویی بوونی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی یەکەم ئافرەت بە سەرۆکی پارلەمان و هەروەها جێگرێکی ئافرەت بۆ سەرۆکایەتیی پارلەمانی کوردستان بە ئاماژەیەکی زۆر باش زانی لە گەشەسەندنی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی 45 کورسییە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: دوای لێژنەی یاسایی قسە لەسەر لێژنەکانی دیکەش دەکرێت، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان 15 لێژنەی هەمیشەییمان هەیە و هەندێکییان لێژنەی سیادیین و سەرۆکایەتی ئەم لێژنانە بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و بەپێی سیستەمی سانت لیگۆ یەکلایی دەکرێتەوە.

لەمەڕ ئەگەری ئامادەنەبوونی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێڕێ بە هۆی نەگەیشتن بەرێککەوتن لەگەڵ فراکسیۆنی گەورەترین کە پارتی دیموکراتی کوردستانە بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانی کرد، ڕێبوار بابکەیی ڕایدەگەیەنێت: لەئێستادا قسە لەسەر ئەمە نەکراوە چۆن ئەو غیابە پڕبکرێتەوە ئەگەر ڕووبدات، پڕ بکرێتەوە یان بەبەتاڵی هێنێتەوە، ئەمە دیار نییە، لێژنەکان هیچ پەیوەندییان بەپێرەوە نییە، کۆکی جەوهەریش لێژنەکانە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەڵبژێرین و لێژنەکان دیاری نەکەین، ئەوا کارەکان بەنیوەناچڵی دەبن.

هەرچی پەیوەستە بە پرسی ئەکتیڤکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەو پەرلەمانتارەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: بەپێی یاسا دەبێت لە وەرزی یەکەمی یاساداناندا ئەو دامەزراوەیە ئەکتیڤ بکرێتەوە، بەڵام ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە ئەکتیڤکردنەوەی ئەو دامەزراوەیە لە پاڵ دامەزراوەکانی دیکە پاراستنی شکۆی ئیداری و سیاسی و قەوارەی هەرێمی کوردستانە، هەروەها هەماهەنگی دروست دەکات لە نێوان دەسەڵاتەکان، چونکە ئێستا ئەو دەسەڵاتە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و دەسەڵاتەکانی دابەشکراوە، بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە ڕێڕەوی یاسایی خۆی بگرێتەوە دەبێت ئەکتیڤ بکرێتەوە.

پەرلەمانتارێک: سەرۆکایەتیی لێژنەکانی پەرلەمان بەپێی بەرکەوتە و سانت لیگۆ یەکلایی دەکرێنەوە

بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بە کردەیی بکەونە سەر ئیش پێویستە لێژنەکان پێکبهێندرێن



ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێبوار بابکەیی ڕایگەیاند کە سەرۆکایەتی لێژنەکانی پەرلەمان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و سیستەمی سانت لیگۆ دیاری دەکرێن.

ڕێبوار بابکەیی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: دوێنێ سێشەممە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بەدیاریکراویش سکرتێری پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکان بە مەبەستی ئەوەی فراکسیۆنەکان ئەندامەکانیان دەستنیشان بکەن بۆ لێژنەیەکی گرنگ کە ئەویش لێژنەی یاساییە، چونکە کرۆکی کاری وەزیفی پەرلەمانی لە ڕووی تەشریعییەوە بریتییە لە لێژنەی یاسایی، لەئێستاشدا پێویستە ئەو لێژنەیە دروست بکرێت ئەگەرچی لێژنەکانی دیکەش دوابکەوێت، بەڵام بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و کاراکردنەوەی دامەزراوەیەکی گرنگی وەکو دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم پێویستییمان بەوە هەیە ئەم لێژنەیە پێکبهێنرێت و دەستبەکاربێت.

سەبارەت بە ئەگەری دیاریکردنی ئەندامانی لێژنەی یاسایی بەبێ ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بابکەیی گوتی: ئێمە ئومێد دەکەین فراکسیۆنی سەوزیش لە پەرلەمانی کوردستان بن و ئامادەییان هەبێت لە پێکهێنانی لێژنەکان، ئەگەرچی پێڕێ بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانیان کرد، چونکە ناکرێت لێژنەکان ببەسترێتەوە بە بابەتی پێڕێ، چونکە بابەتی پێڕێ بریتی بوو لە سەرخستنی ئیرادەی گەلی کوردستان، هیچ پەیوەست نییە بە ڕەهەندی سیاسییەوە، چونکە پەرلەمان دامەزراوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو تەشریعییە، بۆیە ئومێد دەکەین هەبن، ئەگەر ئامادەنەبن و نەشبن دەبێت کاری پەرلەمان بەردەوام بێت و پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی بە کردەیی بکەونە سەر ئیش پێویستە لێژنەکان پێکبهێنرێت.

ڕێبوار بابکەیی لەدرێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە وادەی پێکهێنانی لێژنەی یاساییش گوتی: دوێنێ کۆبوونەوەیەک کرا، ئەم کۆبوونەوەیە زوو بە زوو دەکرێت، ئیدی چی ئەمڕۆ بێت یان بەیانی یان هەرکاتێکی تر ئەو لێژنەیە زوو دروست دەکرێت. دەربارەی پێکهێنانی لێژنەکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستان ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی 45 کورسییە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: دوای لێژنەی یاسایی قسە لەسەر لێژنەکانی دیکەش دەکرێت، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان 15 لێژنەی هەمیشەییمان هەیە و هەندێکییان لێژنەی سیادیین و سەرۆکایەتی ئەم لێژنانە بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و بەپێی سیستەمی سانت لیگۆ یەکلایی دەکرێتەوە.

لەمەڕ ئەگەری ئامادەنەبوونی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێڕێ بە هۆی نەگەیشتن بەرێککەوتن لەگەڵ فراکسیۆنی گەورەترین کە پارتی دیموکراتی کوردستانە بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانی کرد، ڕێبوار بابکەیی ڕایدەگەیەنێت: لەئێستادا قسە لەسەر ئەمە نەکراوە چۆن ئەو غیابە پڕبکرێتەوە ئەگەر ڕووبدات، پڕ بکرێتەوە یان بەبەتاڵی هێنێتەوە، ئەمە دیار نییە، لێژنەکان هیچ پەیوەندییان بەپێرەوە نییە، کۆکی جەوهەریش لێژنەکانە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەڵبژێرین و لێژنەکان دیاری نەکەین، ئەوا کارەکان بەنیوەناچڵی دەبن.

هەرچی پەیوەستە بە پرسی ئەکتیڤکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەو پەرلەمانتارەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: بەپێی یاسا دەبێت لە وەرزی یەکەمی یاساداناندا ئەو دامەزراوەیە ئەکتیڤ بکرێتەوە، بەڵام ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە ئەکتیڤکردنەوەی ئەو دامەزراوەیە لە پاڵ دامەزراوەکانی دیکە پاراستنی شکۆی ئیداری و سیاسی و قەوارەی هەرێمی کوردستانە، هەروەها هەماهەنگی دروست دەکات لە نێوان دەسەڵاتەکان، چونکە ئێستا ئەو دەسەڵاتە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و دەسەڵاتەکانی دابەشکراوە، بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە ڕێڕەوی یاسایی خۆی بگرێتەوە دەبێت ئەکتیڤ بکرێتەوە.

مەسعود حەیدەر: حکوومەتی داهاتووی هەرێم بەرەنگاری گەندەڵی دەبێتەوە



مەسعود حەیدەر ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لەبارەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە 18ی شوباتدا بۆ دەستنیشانکردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕایدەگەیەنێت، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە گەلی کوردستان نەخشەڕێگایەکی سیاسی نوێی بۆ هەرێمی کوردستان داڕشت و یەکەم هەنگاوی ئەرێنی سیاسیان دەستپێکرد بۆ کوردستانێکی بەهێز بە هەبوونی بەرەیەکی بەهێزی حکوومەت و بەرەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان.

بەپێی هەواڵێکی kurdistantv-مەسعود حەیدەر ڕایدەگەیەنێ کە حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان درێژەپێدەر و تەواوکاری حکوومەتەکانی پێشووترەو ئەرکی سەرەکی بەهێزکردنی بنەمای ئابووری هەرێمی کوردستان دەبێت بە ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەر شوێنێک بوونی هەبێت. ڕاشیدەگەیێنێت: ئەوەی گرنگە حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان لە حزبەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی کوردستان و پێکهاتەکان پێکدێت کە پانتاییەکی سیاسی فراوان و بەهێز دەستەبەر دەکەن بۆ حکوومەتی هەرێم و وەکو فاکتەرێکی بەهێز دەبینرێت و سەقامگیری سیاسی زامن دەکات لە هەرێمی کوردستان، بە هەبوونی سەقامگیری ئەمنی کە هەرێمی کوردستان پێشەنگە لەم ناوچەیەو هەبوونی سەقامگیری سیاسی، هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوژانەوەی ئابووری بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت لە چوارسالّی داهاتوو.

لەکۆتاییدا مەسعود حەیدەر ڕایدەگەیێنێت: ئەو جیاوازییەی لە تێڕوانینی سیاسی لەگەڵ برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە، چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیک چارەسەربکرێت و سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان بە تێڕوانینێکی نیشتمانی و بە بوونی حکوومەتێکی بەهێز لە چوار سالّی داهاتوو هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات و لەو جموجۆڵە نێودەوڵەتییەی لە ناوچەکە هەیە بەرژەوەندییە بالاکانی هەرێم دەستەبەر دەکات و کوردستانێکی بەهێز دەبین لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەوە.

دەزگا ئەمنییەکانی ئێران لێپرسینەوە لە وەرزشوانێکی کورد دەکەن

وریا غەفووری بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران: ئێوە لەژێر گوشاردا نین، بەڵکوو ئەوە خەڵکی ئاسایین کە لەژێر گوشار دان

وریا غەفووری یەکێک لە یاریزانە بەناوبانگەکانی تۆپی پێ و ئەندامی یانەی ئیستقلالی تاران دوای کاردانەوەی بە نیسبەت لێدوانێکی وەزیری دەرەوەی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ فەلەستین و حیزبوڵڵا، لەلایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەو وڵاتەوە بانگ کرا. بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، وریا غەفووری یاریزانی کوردی یانەی ئیستقلالی تاران لەلایەن بەشی ئەمنیی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئێرانەوە بانگ کراوە و ئەو جۆرەی میدیاکانی ئێران بڵاویان کردوەتەوە لەوانەیە چەند جاری دیکەش بانگ بکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت.

محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو "ئێمە شانازی دەکەین بە بۆنەی خەڵکی فەلەستین لەژێر گوشار داین". وریا غەفووری لە وەڵامدا لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئینستاگرام) نووسیویەتی: جەنابی زەریف لەڕاستیدا ئێوە لەژێر فشاردا نین، بەڵکوو ئێمە لەژێر فشار داین، ئەوە خەڵکی ئاسایین کە لەژێر گوشار دان.

بانگکرانی وریا غەفووری لە کاتێکدایە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردووەدا پەیامنێری دەنگ و ڕەنگی ئێران لە وریای پرسی کە تۆ پۆستی سیاسیت داناوە، ئایا لە ئاکامەکانی ناترسی؟ وریا لە وەڵامدا گوتبووی: ئەوان بەو قسانە خۆیان بەسەر بریندی خەڵکدا دەکەن و ئەوە قسەی ڕاستییە کە من کردوومە، بۆچی بترسم.

تورکیا...

دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ هاوسەرۆکی هەدەپە کرایەوەو هاوسەرۆکی لقی هەدەپەی مێردینیش دەستبەسەرکرا



بەبیانووی ڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە لە میانی بەشداریکردنی لە چالاکییەکدا لە شاری وانی باکووری کوردستان و سووکایەتیکردن بەدەوڵەتی تورکیا و ئۆرگان و دام و دەزگاکانی تورکیا، دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەبارەی هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزایی تەمەللی کرایەوە. سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی وان، بەبیانووی بەکارهێنانی گوتەی هاندەر بۆ ئەنجامدانی تاوان لە میانی وتارەکەیدا لە چالاکیی "بەیەکگەیشتن لەگەڵ گەل" لە ڕۆژی 19ی کانوونی یەکەمی 2018 لە شاری وانی باکووری کوردستان، دۆسیەی لێکۆڵینەوەی لەبارەی سەزایی تەمەللی کردەوە. بەبیانووی ڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە لە میانی بەشداریکردنی لە چالاکییەکدا لە شاری وانی باکووری کوردستان و "سووکایەتیکردن بە دەوڵەتی کۆماری تورکیا و ئۆرگان و دام و دەزگاکانی تورکیا، دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەبارەی هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزایی تەمەللی کراوەتەوە و دۆسیەکەی ڕەوانەی ئەنقەرە کراوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە میانی دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە لێدانی مارش کە ستایشی ڕێکخراوی پەکەکە دەکات و خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردووانی پەکەکە لە ڕێورەسمی ناساندنی کاندیدانی هەدەپە لە ڕێکەوتی 30ی کانوونی دووەم لە هۆڵێکی ئاهەنگی هاوسەرگیری لە مێردین، کاندیدانی هەدەپە لە ماردین هاوسەرۆکی لقی هەدەپەی مێردین، عەلی سینجار دەستبەسەرکرا. سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی مێردین لە میانی لێکۆڵینەوە لە لێدانی مارش کە ستایشی ڕێکخراوی پەکەکە و دەکات لە ڕێورەسمی ناساندنی کاندیدانی هەدەپە لە ڕێکەوتی 30ی کانوونی دووەم لە هۆڵێکی ئاهەنگی هاوسەرگیری لە مێردین، بڕیاری دەستگیرکردنی 16 گومانلێکراوی دەرکرد. دوای لێکۆڵینەوەیش لەگەڵیان لە سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی ماردین هاوسەرۆکی لقی هەدەپەی ماردین، ئەیلەم ئاماک ئازاد کرا و هاوسەرۆکەکەی دیکەی هەمان لقیش، عەلی سینجار دەستبەسەرکرا. گومانلێکراوەکانی دیکەیش بە مەرجی دادوەری ئازاد کران.

لە نێویاندا ژمارەیەک ئەفسەر و سەرباز هەن

دەسەڵاتدارانی تورکیا فەرمانی دەستگیرکردنی 324 کەس دەدەن



دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکوومەتی تورکیا دەڵێن پۆلیسی وڵاتەکەیان هەڵمەتێکی دەستپێکردووە بۆ دەستگیرکردنی زیاتر لە 300 کەس بە تۆمەتی پەیوەست بە هەوڵی کودەتاکەی ساڵی 2016. بەپێی هەواڵێکی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، داواکارانی گشتی لە هەرسێ شاری ئەنکەرە و ئستەنبوڵ و ئەزمیر دوێنێ سێشەممە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ 324کەس دەرکردووە کە لە نێویاندا ژمارەیەک ئەفسەر و سەرباز هەن. دەڵێن ئەم تۆمەتبارانە سەر بە فەتحوڵلا گولەنن، پیاوی ئاینی تورکی ئەوەی ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشتەجێیە. کاربەدەستانی تورکیا دەڵێن فەتحوڵلا گولەن لە پشت هەوڵی کودەتاکەی 15ی مانگی حەوتی ساڵی 2016 بووە، بەڵام گولەن بە تونديی ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە. بەپێی ئاژانسی دەنگوباسی ئانادۆلیش، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی فەتحوڵلا گولەن لەنێو سوپای تورکیادا، فەرمانی دەستگرکردن بۆ 53سەربازی هەمیشەیی کە تەلەفۆنی جێگیریان بە مەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەکارهێناوەو عەمیدێک، دوو ڕائید و نەقیبێکیان لەنێودایە. ئانادۆلو ئاماژەی بەوەش کردووە: لەو چوارچێوەیەدا بڕیاری دەستگیرکردن بۆ 53 سەرباز دەرکراوە کە 19یان لە فەرماندەیی جەندرمە، 19یان لە فەرماندەیی هێزی وشکانی، حەوتیان لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی و هەشتیان لە فەرماندەیی هێزی دەریایین. هەروەها ئاژانسی DHA ئەویش ڕایگەیاند، داواکاری گشتی لە ئەزمیر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ 182 کەس دەرکردووە کە لە 42 پارێزگای وڵاتەکەن. هاوکات داواکاری گشتی لە ئەنکەرە بڕیاری داود 89 کەس دەستگیربکرێن لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکان لە دوو کەیسی جیاوازدا، لەوانە یەکێکیان پەیوەستە بە جەندرمە. دەسەڵاتدارانی تورکیا لەم مانگانەی دوایی هەڵمەتەکانی دەستگیرکردنیان زیادکردووە لە دژی ئەو کەسانەی گومانیان لێدەکەن سەر بە گولەن بن. تەنیا لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو زیاتر لە 760 کەس لە 76 پارێزگای وڵاتەکە دەستگیرکراون، بەڵام دواتر 122 کەسیان ئازادکران. جێی باسە لە پاش هەوڵی کودەتاکە دەیان هەزار کەس لە تورکیا دەستگیرکراون بە گومانی پەیوەندی بە فەتحوڵلا گولەنەوە و زیاتر لە 100 هەزار کەسیش لە کارەکانیان دەرکراون یان لابراون.

مەترسی هەیە داعش لە سووریاوە بێتە ناو عێراق

پەرلەمانتارێک: ئێستا سنوورەکانی عێراق زۆر لاوازن و هەر هێزێک بیەوێت دەتوانێ بێتە ناو عێراق

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، بە هۆی ئەوەی داعش لە سووریا زۆر لاواز بووە، دەیانەوێت لەوێوە بەرەو عێراق ڕابکەن و پارە و زێڕێکی زۆریشیان لایە، بۆیە پێویستە عێراق سنوورەکانی تووندوتۆڵ بکات، چونکە ئێستا سنوورەکان زۆر لاوازن و داعش بە ئاسانی دەتوانێ بێتە عێراق. کەنالی سی ئێن ئێن، لە زاری بەرپرسێکی ئەمەریکا بڵاوی کردووەتەوە، بە سەدان چەکداری داعش لە سووریاوە بەرەو عێراق ڕایانکردووە و پارەیەکی یەکجار زۆریشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، کە نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار دەبێت. لەو بارەیەوە، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ناسر هەرکی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: زانیاریمان هەیە کە چەکدارانی داعش لە سووریا ماون و دەیانەوێت بێنە ناو خاکی، ئەگەر بشیانەوێت بە ئاسانی دێنە ناو عێراق و مەترسیی زۆریش هەیە. هەرکی گوتیشی: سنوورەکانی عێراق زۆر لاوازن و هەر هێزێک بیەوێت دەتوانێ بێتە ناو عێراق، چونکە ئەو هێزانەی لەوێن، هێزی نیشتیمانپەروەر نین و ناتوانن سنوور کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە پێویستە عێراق ئەمەی لە بەرچاو بێت و لە سووریا داعش خەریکە لەناو دەچێت.

پەرلەمانی عێراق:

ڕفاندنی هاووڵاتیان لەلایەن داعشەوە زیاد بووە

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە ڕفاندنی هاووڵاتیان لەلایەن چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە زیادی کردووە. بەیانووی ڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە لە میانی بەشداریکردنی لە چالاکییەکدا لە شاری وانی باکووری کوردستان و "سووکایەتیکردن بە دەوڵەتی کۆماری تورکیا و ئۆرگان و دام و دەزگاکانی تورکیا، دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەبارەی هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزایی تەمەللی کراوەتەوە و دۆسیەکەی ڕەوانەی ئەنقەرە کراوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە میانی دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە لێدانی مارش کە ستایشی ڕێکخراوی پەکەکە دەکات و خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردووانی پەکەکە لە ڕێورەسمی ناساندنی کاندیدانی هەدەپە لە ڕێکەوتی 30ی کانوونی دووەم لە هۆڵێکی ئاهەنگی هاوسەرگیری لە مێردین، کاندیدانی هەدەپە لە ماردین هاوسەرۆکی لقی هەدەپەی مێردین، عەلی سینجار دەستبەسەرکرا. سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی مێردین لە میانی لێکۆڵینەوە لە لێدانی مارش کە ستایشی ڕێکخراوی پەکەکە دەکات و خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردووانی پەکەکە لە ڕێورەسمی ناساندنی کاندیدانی هەدەپە لە ڕێکەوتی 30ی کانوونی دووەم لە هۆڵێکی ئاهەنگی هاوسەرگیری لە مێردین، بڕیاری دەستگیرکردنی 16 گومانلێکراوی دەرکرد. دوای لێکۆڵینەوەیش لەگەڵیان لە سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی ماردین هاوسەرۆکی لقی هەدەپەی ماردین، ئەیلەم ئاماک ئازاد کرا و هاوسەرۆکەکەی دیکەی هەمان لقیش، عەلی سینجار دەستبەسەرکرا. گومانلێکراوەکانی دیکەیش بە مەرجی دادوەری ئازاد کران.

هەرچەندە حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق لە مانگی 12ی2017 کۆتایی پێهێنانی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند، بەڵام چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق کردەی تیرۆریستی، ڕفاندن، کوشتن و تەقینەوە ئەنجام دەدەن. پێشتریش لە کردووەتە ناو خاکی عێراق. هەروەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە، دیاردەی ڕفاندنی هاووڵاتیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە زیادی کردووە و داوای لە هێزە ئەمنییەکان و سوپای عێراق کردووە بە زووترین کات پلانی ڕزگاکردنی ڕفێندراوەکان و دەستگیرکردنی ئەو چەکدارانەی داعش، دابڕێژن.

وەزیری دادی فەڕەنسا، نیکۆڵ بێلوبێ سەبارەت بە بانگەوازەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ کە ڕایگەیاندبوو "با وڵاتانی ئەوروپا تیرۆریستانی داعش وەربگرنەوە و لە وڵاتانی خۆیان دادگاییان بکەن" ئاشکرایکرد هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر سیاسەتی وڵاتەکەی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر نەهاتووە.

ڕووینەداوە و لە دۆخی یەک بە یەکی ئەو کەسانە دەکۆڵنەوە. نیکۆڵ بێلوبێ لە لێدوانێکدا بۆ کەنالی فرانس 2 وتڕای ئاماژەدان بەوەی لەگەڵ بڕیاری کشانەوەی ئەمەریکا دۆخێکی جیۆپۆلیتیکی نوێ لە ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە، جەختی لەوەش کردەوە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر هەڵوێستی وڵاتەکەیدا بێلوبێ تیشکی خستەسەر ئەوەی لە دۆخی یەک بەیەکی ئەو داعشە فەڕەنسییانەی لە سووریان دەکۆڵنەوە و ئەوانەشی کە هاتوونەتە ئەو وڵاتە دادگایی دەکرێن. مەزەندە دەکرێت نزیکەی 150 چەکداری فەڕەنسی داعش لە سووریا و عێراق هەبن و ئاماژە بەوەدەکرێت 50یان لە لایەن یەپەگەوە دەستگیرکراون. جێی باسە دوو ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە پەیامێکیدا کە لەڕێگەی تویتەرەوە بڵاویکردەوە، داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد چەکدارە بە ڕەگەز ئەوروپییەکانی داعش کە لە سووریا دەستگیرکراون وەربگرنەوە و دادگاییان بکەن، ئەگەرنا ناچار دەبێت ئەو تیرۆریستانە ئازاد بکات.

نزیکەی 150 چەکداری فەڕەنسیی داعش لە سووریا و عێراق هەن

فەڕەنسا: لە دۆخی یەک بەیەکی ئەو داعشە فەڕەنسییانەی لە سووریان دەکۆڵینەوە





عێراق... داعش پەلاماری خاڵێکی پشکنینی هێزە ئەمنییەکانی دا

سەرچاوەیەکی سەربازی عێراق ڕایگەیاند، ژمارەیەک تیرۆریستی داعش پەلاماری خاڵێکی پشکنینی هێزە ئەمنییەکانیان داوە لە سنووری پارێزگای نەینەوا. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ئەفسەر لە سوپای عێراق، عەقید ئەحمەد جبوری بڵاوی کردۆتەوە، پەلامارەکە بۆسەر خاڵێکی پشکنینی هێزە ئەمنییەکان لەسەر ڕێگەی گشتی ناحیەی گەیارە باشووری پارێزگای نەینەوا ئەنجامدراوە. بە گوتەی ئەحمەد جبوری لە ئاکامی پەلامارەکەدا، دوو کارمەندی ئەمنی کوژراون. عەقید ئەحمەد جبوری ئاشکراشیکرد کە هێزە ئەمنییەکان، پەلامارەکەیان تێکشکاندووە و چوار تیرۆریستی داعشیان کوشتووە و تیرۆریستەکانی دیکەش بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتوون.

سەدان داعش بە 200 ملیۆن دۆلارەوە لە سووریاوە دەپەڕنەوە عێراق

ZNA: لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە سەدان داعش لە سووریاوە بەرەو ڕۆژئاوای عێراق دزیان کردووە و 200 ملیۆن دۆلاری کاشیان پێبووە. تۆڕەکە نووسیویەتی کە ژمارەی داعشەکان نزیکەی 1000 چەکدار دەبێت، ئێستە خۆیان لە شاخەکان و بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق حەشار داوە.بڵاوبونەوەی ئەم ڕاپۆرتە لە کاتێکدایە کە ماوەیەکە داعش لە ڕۆژئاوای عێراق چالاکی تیرۆریستیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بووە و هەر ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش 7 کەسیان لە ناوچەی نەخیبی ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار ڕفاند. هەروەها ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووش، چەکدارانی داعش 13 کەسیان لە دەشتاییەکانی ڕاوە و حەدیسە لە سنووری ئەنبار ڕفاندبوو، ڕۆژی هەینیش چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش 8 کەسی تریان لە کاتی کۆکردنەوەی دۆمبەلاندا لە بیابانەکانی سنووری پارێزگای ئەنباردا ڕفاندبوو.

نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاریی دارایی پێشکەشی عێراق دەکات



ڕێککەوتننامەیەکی پێشکەشکردنی هاوکاریی لە نێوان نەتەوەیەکگرتووەکان و عێراقدا بە بڕی 41 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار بەمەبەستی بووژاندنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی تیرۆرەوە زیانیان بەرکەوتووە و خزمەتگوزاریی گشتییان نییە، واژووی کرا. لە ڕێوڕەسمی واژووکردنی ڕێککەوتننامەکەدا کە لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق سازکرا، وەزیری پلاندانان، نوری ناتق دلێمی و باڵێۆزی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، ڕامۆن بلێکوا بەشداریان کرد. لەمیانی گوتارێکدا نوری ناتق دلێمی باسی لەوەکرد، بەهۆی ئەو هاوکارییەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشکەشی دەکات لە بەسڕە کە بەشێوەیەکی جدیی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە پشتگوێخراوە، ژمارەیەک پرۆژەی گەشەپێدان ئەنجامدەدرێن و سوپاسی نەتەوەیەکگرتووەکانیشی کرد بۆ درێژەدان بە هاوکارییکردنی عێراق لە ڕووی دارایییەوە.

لای خۆشییەوە، ڕامۆن بلێکوا ئاماژەی بەوەکرد کە، ئامانجیان ئەوەیە لەڕێگای واژووکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئابووری عێراق بەهێزبکەن و هەلی نوێی کارکردن بڕەخسێنن. بلێکوا گوتیشی: ئەم هاوکارییە، بەسڕە و شوێنەکانی دیکەی عێراق دەگرێتەوە کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە. نەتەوەیەکگرتووەکان بەتایبەتی پابەندی بەڵێنەکانی دەبێت لەبارەی ڕەخساندنی هەلیکاری نوێ و پشتگیریکردنی حکوومەتە خۆجێییەکان لەوبارەوە. ئێمە وەک نەتەوەیەکگرتووەکان، جگە لەو شوێنانەی لەتیرۆر رزگارکراون، لە شارەکانی باشووری ئەو وڵاتەش پرۆژەی هاوکاری و بووژاندنەوەمان دەبێت. بەپێی ڕێککەوتنەکەش، شوێنەواری مێژوویی و کولتوورییەکانی مووسڵ و بەسڕە کە زیانیان بەرکەوتووە، سەرلەنوێ نوژەن دەکرێنەوە و، لە گوندەکانی دەوروبەری مووسڵدا پشتگیری دارایی هەندێک پرۆژەی کشتوکاڵ و گەشەپێدان دەکرێت و، هەلی کار بۆ گەنجان دەڕەخسێندرێت. هاوکات پارێزگاری بەسرە ئەسعە ئیدانی ئامادەی ڕێوڕەسمی واژووکردنەکە بوو.

میسر.. پێنج ئەفسەری پۆلیس بوون بە قوربانیی تەقینەوەیەک

وەزارەتی ناوخۆی میسر کۆژرانی 16چەکداری توندڕەوی ڕاگەیاند

وەزارەتی ناوخۆی میسر ڕایگەیاند، دوو ئەفسەری پۆلیس لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێک کە هێزە ئەمنییەکانی لە ناوەڕاستی قاهیرە کردووەتە ئامانج، کۆژراون و سێی دیکەش بریندارببوون. لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی میسردا هاتووە "دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان لە ناوچەی دەرب ئەحمەر ناوەڕاستی قاهیرە، کەسێکی داواکراویان بە مەبەستی دەستگیرکردن گەمارۆدابوو، لەو کاتەدا بۆمبێک تەقییەوە و لە ئاکامدا وێرای کۆژرانی تیرۆریستەکە، هەروەها دوو ئەفسەری پۆلیس کۆژران و سێ ئەفسەری دیکەش بریندارببوون. هاوکات بە فەرمانی داواکاری گشتی میسر، نەبیل سادق لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی ناوچەی دەرب ئەحمەر دەستپێکراوە. لای خۆیەوە وەزارەتی تەندروستی میسر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە تەندروستی سەرجەم بریندارەکان جێگیرە. هاوکات وەزارەتی شوێنەواری میسر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکراوەتەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە تەقینەوەکە هیچ زیانی بە شوێنەوارەکانی ناوچەکە نەگەیاندووە. کەنالی فەرمی میسریش بڵاویکردەوە، ئەو داواکراوە کە بە هۆی تەقینەوەکە کۆژراوە، ناوی حەسەن عەبدوڵڵا تەمەن 37 سالّە بێ ئەوەی ئەوە ئاشکرا بکات کە سەربە کام گرووپی چەکدارییە. هەروەها دیمەنی ساتی ڕوودانی تەقینەوەکە لە میدیاکانی میسردا بڵاوکراوەتەوە.

میسر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە تەقینەوەکە هیچ زیانی بە شوێنەوارەکانی ناوچەکە نەگەیاندووە. کەنالی فەرمی میسریش بڵاویکردەوە، ئەو داواکراوە کە بە هۆی تەقینەوەکە کۆژراوە، ناوی حەسەن عەبدوڵڵا تەمەن 37 سالّە بێ ئەوەی ئەوە ئاشکرا بکات کە سەربە کام گرووپی چەکدارییە. هەروەها دیمەنی ساتی ڕوودانی تەقینەوەکە لە میدیاکانی میسردا بڵاوکراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی ناوخۆی میسر ڕایگەیاند کە 16 چەکدار لە دوو ناوچەی دەوروبەری شاری عەریش باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە کۆژراون. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی میسر، هێزەکانی ئاسایشی نیشتمانی پشتەستن بە زانیاری هەواڵگری هێرشیانکردووەتە سەر دوو حەشارگە کە ژمارەیەک چەکدار لە دوو ناوچەی دەوروبەری شاری عەریش خۆیاندا تیادا حەشاردابوو. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە لە میانی هێرشەکەدا، شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕوویداوە کە بە هۆیەوە 16چەکداری توندڕەو کۆژراون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئەو چەکدارانە بەرلەوەی بکوژرێن، پلانیان دانابوو زنجیرەیەک هێرش بکەنە سەر هێزە ئەمنییەکان لە ناوچەکە.

ئێران

ڕێژەی هاوردەکردن لەسەدا 18 کەمی کردووە

ڕێژەی هاوردەکردنی کاڵا و کەلوپەل لە ئێران لە میانی 10 مانگی دواییدا بەراوورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو لەسەدا 18 دابەزیووە. بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گومرکی ئێران، ئێران کە زۆرترین کاڵا و کەلوپەلی بە ریزبەندی لە چین، ئیمارات، تورکیا، ئەڵمانیا و هیندستانەوە هاورده کردووە لە میانی 10 مانگی دواییدا بەراوورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو ڕێژەی هاوردەکردن لەسەدا 18دابەزیووە.

لەو ماوەیەدا کە بەبڕی 32 ملیار و 250 ملیۆن دۆلار کەلوپەل و کاڵا هاوردەی ئێران کراوە، چین لە ریزبەندی یەکەمدا دێت و بەبڕی هەشت ملیار و 905 ملیۆن دۆلار کەلوپەل و کاڵای لێ هاوردەکراوە و ئەمەش بە بەراورد بە هەمان قۆناغی ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەی لە سەدا 15 کەمبۆتەوە.

بەرزترین ئاستی کەمبوونەوەی هاوردەکردنیش لەگەڵ ئیمارات بووە کە بۆ لەسەدا 32 دابەزیووە و لە کاتێکدا 10 مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بەبڕی هەشت ملیار و 68 ملیۆن دۆلار کەلوپەل و کاڵا لەو وڵاتەوە هاوردەکراوە 10 لە مانگی یەکەمی ئەمساڵ بۆ پێنج ملیار و 456 ملیۆن دۆلار کەمبۆتەوە. هاوردەکردن لە تورکیاش ساڵی ڕابردوو بەبڕی دوو ملیار و 670 دۆلار بووە و ئەمساڵیش بۆ دوو ملیار و 38 ملیۆن دۆلار دابەزیووە. لە کاتێکدا بەرزترین ئاستی کەمبوونەوەی هاوردەکردنی کاڵا و کەلوپەل لەگەڵ بەڵجیکا بووە بەڕێژەی لەسەدا 41 بەرزترین ئاستی زیادبوونی هاوردەکردنی کاڵا و کەلوپەلیش لەگەڵ عومان بەڕێژەی لەسەدا 164 و ڕووسیا بەڕێژەی لەسەدا 75 بووە.



چین و ئەمەریکا گەڕێکی دیکەی دانوستانی بازرگانی ئەنجام دەدەن

بڕیارە لە میانی ئەم مانگەدا، گەڕێکی دیکەی دانوستانی بازرگانی لە نێوان چین و ئەمەریکا سازبکرێت و بە مەبەستی بەشداریکردن لە دانوستانەکەدا، جێگری سەرۆکوەزیرانی چین، لیو هی سەردانی واشنتۆن دەکات. بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن سەرۆکایەتی وەزیرانی چین بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوەدراوە کە لیو هی وەک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەو وڵاتە، شی جین پینگ لە ڕۆژانی 21 و 22 لە واشنتۆن دەبێت و لەگەڵ وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچین و وەزیری بازرگانی، ڕۆبێرت لایتایزر دەست دەکەن بە سازکردنی گەڕێکی دیکەی دانوستانی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات. لە ڕۆژانی 14 و 15ی ئەم مانگە، گەڕی شەشەمی دانوستانی بازرگانی نێوان چین و ئەمەریکا لە پەکینی پایتەختی چین ئەنجامدرا. چاوەڕوان دەکرێت ئەم گەڕەی دانوستانی بازرگانی نێوان چین و ئەمەریکا لە یەکی مانگی ئاداری داهاتوو کۆتایی بێت.



نرخی خاوی برێنت بەردەوامە لە بەرزبوونەوە

بە هۆی گەشبینیەکان لەبارەی دەستپێکردنەوەی دانوستانی بازرگانی نێوان ئەمەریکا و چین، نرخی خاوی برێنت بەردەوامە لە بەرزبوونەوە و هەر بەرمیلێکی لە بازاڕەکانی جیهاندا بە 66 دۆلار و 59 سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت. دوێنێ سێشەمە کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە بەم نزیکانە شاندێکی چین سەردانی واشنتۆن دەکات کە لە میاندا گەڕێکی دیکەی دانوستانی بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا ساز دەکرێت.

هەورەها بەردەوامی بەرزبوونەوەی نرخی خاوی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ پێشبینیەکان لەبارەی کەمبوونەوەی خستنەڕووی نەوتی زیاتر بۆ بازاڕەکان لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ هەورەها دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی هەناردەکاری لە ڕێکخراوی OPEC.

سەرۆکوەزیرانی پاکستان:

بۆ لێکۆڵینەوەکان لەبارەی هێرشەکەی کشمیر، ئامادەیین هاوکاریی هیندستان بکەین

سەرۆکوەزیرانی پاکستان، عمران خان ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی تیرۆر لەگەڵ هیندستان نیشاندا و ڕایگەیاند کە بۆ لێکۆڵینەوەکان لەبارەی هێرشەکەی ئەم دواییەی کشمیر، پاکستان ئامادەیە هاوکاری هیندستان بکات. لە گوتارێکدا کە ئاراستەی گەلی پاکستانی کرد، عمران خان گوتی: هیندستان بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەلێندرا بخاتەڕوو، کۆمەڵێک پروپاگەندەی بۆ پاکستان هەڵبەستووە.

سەرۆکوەزیرانی پاکستان جەختیکردەوە کە وڵاتەکەی هیچ پەیوەندی بەو کردە خۆکوژییەوە نییە کە بەم دواییانە لە کشمیر ئەنجامدرا و بە هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری سەربازی هیندستان کوژران. عمران خان گوتی: لە کاتێکدا ئێمە ماوەی 15 ساڵە شەڕی دژبە تیرۆر دەکەین، ئەم جۆرە ڕووداوانە چی سوود و قازانجی بۆ ئێمە هەیە. سەرۆکوەزیرانی پاکستان لەبارەی کێشەی کشمیرەوە گوتی: کێشەی کشمیر وەک کێشەی ئەفغانستان وایە لە میانی گفتوگۆکانەوە چارەسەر دەکرێت. سەبارەت بەوەی هیندستان هەوڵ دەدات لە ڕووی سەربازییەوە کێشەی کشمیر چارەسەر بکات، عمران خان گوتی: ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نابێت.

ترەمپ:

سۆسیالیزم لە ڤێنیزوێلا دەمرێت

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بە شێوەیەکی "ناڕاستەوخۆ" هەڕەشەی لەو کارمەندانەی سوپای ڤێنیزوێلا کرد کە بەردەوامن لە پشتگیریکردنی سەرۆکی ڤێنیزوێلا، نیکۆلاس مادورۆ و ڕایگەیاند: ئەوان ژیان و داهاتووی خۆیان و داهاتووی ڤێنیزوێلا دەخەنە مەترسییەوە بۆ پیاوێک کە لە لایەن سوپای کوباوە کۆنترۆڵکراوە و دەپارێزرێت. ترەمپ لە ویلایەتی فلۆریدا لەگەڵ ژمارەیەک لەو هاووڵاتیە ڤێنیزوێلایانە کۆبۆوە کە لە ئەمەریکا دەژین. لە میانی پێشکەشکردنی گوتارێک لە کۆبوونەوەکەدا ترەمپ جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی دان بە خوان گوایدۆ دادەنێت وەک سەرۆکی کاتی ڤێنیزوێلا نەوەک نیکۆلاس مادورۆ و گوتی: لەگەڵ خوان گوایدۆ و گەلی ڤێنیزوێلادایین. ئیدی تەنها لە ڤێنیزوێلا نا بەڵکو لە نیکاراگوا و کوباش تەمەنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم چەند ڕۆژێکی ماوە. ترەمپ لە گوتارەکەیدا چەندین جار "ئەمەریکا هەرگیز نابێتە وڵاتێکی کۆمۆنیست" دووپات کردەوە. بۆ یەکەمجار دۆنالد ترەمپ بەتوندی لەبارەی سوپای ڤێنیزوێلاوە دوا کە تاکو ئێستا پشتگیری لە مادورۆ دەکەن و بە شێوەیەکی "ناڕاستەوخۆ" هەڕەشەی لە کارمەندە پلەبەرزەکانی سوپای ئەو وڵاتە کرد و گوتی: ئەوان ژیان و داهاتووی خۆیان و داهاتووی ڤێنیزوێلا دەخەنە مەترسییەوە بۆ پیاوێک کە لە لایەن سوپای کوباوە کۆنترۆڵکراوە و دەپارێزرێت. ئەگەر پشتگیری لە مادورۆ هەڵببڕێن نیدی نەوایەکی ئارام یان ڕێگایەکی ئاسان بۆ دەربازبوون نادۆزنەوە. هەموو شتێک لەدەست دەدەن.

سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا کە قۆناغێکی ئاشتیخوازانەی بەهێزیان بۆ ڤێنیزوێلا دەوێت و لەگەڵ ئەوەدا سەرجەم بژاردەکان لەسەر مێزن بۆ گفتوگۆ.

ترەمپ باسی لە وڵاتانی دیکەی ئەمەریکای لاتینیش کرد و ئاماژەی بەوە دا کە لەوانەیە ئەو ڕووداوانەی ئێستا لە ڤێنیزوێلا ڕوودەدەن لە وڵاتانی دیکەی ئەمەریکای لاتینیش قۆناغی هاوشێوە ڕوو بدەن و گوتی: بە تەواوی لە ڤێنیزوێلا و بەشی ڕۆژئاوای جیهان سۆسیالیزم دەمرێت، ئازادی، خۆشگوزەرانی و دیموکراسی سەرلەنوێ لە دایک دەبنەوە.

یەکێتیی ئەورووپا: هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە سزای نوێ بەسەر ڤێنیزوێلادا بسەپێنین

نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش، فیدێریکا مۆگێرینی، ڕایگەیاند: هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ڤێنیزوێلادا بدات. لە دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، فیدێریکا مۆگێرینی لە لیدوانێکدا لە بڕۆکسل، سەبارەت بە ڕێگەندان بە چوونە ژوورەوەی شەش پەرلەمانتاری پەرلەمانی ئەورووپا بۆ ڤێنیزوێلا بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەو وڵاتە، خوان گوایدۆ کە خۆی وەک سەرۆکی کاتیی ڤێنیزوێلا ڕاگەیاندووە، ڕایگەیاند: بە دڵتەنگی و داخەوە لە بڕیاری ڕێگەندان بە چوونە ژوورەوەی پەرلەمانتاران بۆ ڤێنیزوێلا، دەدەین. هەروەها ڕایگەیاند: هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری سەپاندنی سزای نوێ بەسەر حکوومەتی مۆسکۆدا و لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەکانی پەیوەست بە سزاکان دەگەنە ئەنجام.

پەکەکە .. وەک دوماهیک بەربەست د رێیا دۆزا کوردیدا

بەدرخان زاویتەیی

کاودانێن ڤێ دوماهیێ یێن دەڤەرا شێلادزێ و دیرەلوکێ کو یا ئاشکرابوو پیلانەکا پێشوەخت دارێتی بوو و دەستێ پەکەکێ یێ زیق بوو دناڤدا و چەند مەرەمەک ل پشت ڤێ پیلانێ هەبوون، ئەوژی تورکیا دڤیا ب خولقاندنا کێشا لڤی سنووری پاداشتا ئێکەتیێ بکەت پشتی هەمی بارەگایێن پەکەکێ ل سنوورێ سلێمانیێ گرتین و هەمی پێزانین داینە میتا تورکی و هوسا پارتی نەچارەکەت لەزێ د دروستکرنا کابینەیا حکومەتێدا بکەت و بمەرجێن ئێکەتیێ رازیبیت. بەرامبەر وێ چەندێ پەکەکێ دڤیا بدروستکرنا کێشا لسنورێ بادینان دانوستاندنێن خۆ دگەل رژێما سوریێ پەردەپۆش بکەت و کێشە و گرفتێ بۆ رۆژئاڤایێ کوردستانێ دروستکرین ژ بیرا خەلکی ببەت و ئەو لێکتێگەهشتنێن دناڤبەرا هەولێر و بەغدا دروست بووی تێکدەت. دهەمان دەمدا تورکیا دڤیا وی بەرنامەی تێکدەت یێ کو بۆ کەرکوکێ و دەڤەرێن ماددا 140 هاتیەدانان و پارتی نەچارکەت دووبارە دەرگەهێ خۆ بۆ تورکیا ڤەکەت پشتی کو ئاشکرا بووی تورکیا تا چ رادە پیلانێن گێراین بۆ ژناڤبرنا ریفراندومێ و هەرێما کوردستانێ.



گرنگە بزانین کو داستانا پردێ و سحێلا و تایبەت داستانا سحێلا خالەکا وەچەرخان بوو و هەمی هاوکێشە لدەڤەرێ گوهارتن و ئەو هەمی پیلان هاتنە ژناڤبرن بو ژناڤبرنا هەرێمێ و دوزا کوردی و ئەڤا نوکە روودەدت ڤەرێژا وان پیلانانە کو ئێک لدویف ئێکێ هاتینە ژناڤبرن، و پشتی ئێکەتیێ و چەند پارتەکێن سلێمانیێ شکەستن د جیبەجێکرنا پیلانن دوژمنانندا ئینایین دژی کوردستانێ و لاواز و بێ هێز بوین نوکە قوناغا رول گهورینێ یە و یێ پەکەکە جارەکادی هاندەن کو پیلانا دژی کوردستانێ بگێریت تایبت لسنوورێ هەولێرێ و دهۆکێ وەک دوماهیک هەول بۆ رێگرتن بەرامبەر دۆزا کوردی، لەورا ژی هەر زوی سەروکێ حکومەتا هەرێمێ گوت کو دەستەکێ خراب لپشت رویدانێت شێلادزێ و دیرەلوکێ هەیە وەک ئیشارەتەک بو پەکەکێ و چەند دەزگایێن دی یێن راگەهاندنێ لێ ئەو لوغم ژی هاتە ژناڤبرن.

لڤێرە گرنگە بزانین کو پەکەکە هەر ژ دەستپێکا دروستبوونا وێ و خۆ راگەهاندن وەک پارتەکا سیاسی ل (27-11-1978) و گریدانا یەکەم کونگرە ل دیمەشقا پایتەختێ سوریێ لسالا 1981و بلندکرنا دروشمێ دەولەتا کوردی یا مەزن و دژایەتکرنا وێ بۆ هەر پارتەکا دی یا سیاسی یا کوردی کو دگەل ڤی دروشمێ پەکەکێ نەبیت خویابوو کو هندەک ئەجیندێت موخابەراتی ئەف پارتە دروستکریە، ب تایبەت سوریا و ئیرانێ و تورکیا و هەر زوی ئێکەتیێ پشتەڤانیا خۆ بۆ وی دروشمی دیارکرا! بەلێ یا ئاشکرا بوو کو مەرەم ژڤێ دروشمی ئەوبوو کو بهانەیا بدەنە وەلاتێن دەڤەرێ کو هێزێ دژی بزاڤا رزگاریخوازا کوردی بکاربینن و هیچ رێکەکێ ئان دەلیڤەکێ نەهێلێن بۆ دانوستاندنا! و وەک گەف لسەر بەرژەوەندیێت وان و وەلاتێن زلهێز دا نیشاندان!! و گرووپێن چەکدار و تێکدەر لقەلمدان. لێ جهێ حێبەتیبوونێ یە کو نوکە پەکەکە بفەرمی دبێژیت کو دەولەتا کوردی د فەرهەنگا وان یا سیاسیدا نینە و نە ژ ئەخلاقێ وانە و دژی پارچە بوونا ڤان وەلاتانە.

ل سەرهلدانا بهارا سالا 1991 ل کوردستانا عیراقێ ئەڤێ پارتا بناڤ کوردی چ هەلویست و پشتەڤانی بۆ سەرهلدانێ دیارنەکرن بەروڤاژی پشتی دەربدەربوونا کوردان و کۆچبابوونا وان بۆ وەلاتێ تورکیا و ئیرانێ پەکەکێ دەست بتالانکرنا گوندێت کوردان کر و چەکێ خەلکی ژ وەرگرت و کرێ داکو دووبارە ئەڤە نەبنە گەف لسەر ئێمناهیا ڤان وەلاتا و پروپاکندێت درەو و بێ بنەما بەلاڤکرن و بهەمی رەنگا سەرکردێن سەرهلدانێ نەشرین کرن دچاڤێ خەلکیدا!

پشتی هەلبژارتنێ سالا 1992 لهەرێما کوردستانێ پەکەکە و ئەجیندێت دەرەکی گڤاشتنێن مەزن لسەر ئێکەتیێ دروستکرن کو بئەنجامێن وێ رازینەبن و کێشا دروستکەن بەلێ پارتی شیا ئێکەتیێ رازیکەت و فێفتی ب فێفتی پەرلەمانی و حکومەتێ برێڤە ببە،ن لێ هەر پەکەکە و لپشت وێ ئەجیندێت موخابەراتی! نە راوستیان و ئێکەتی پالدا شەرەکی و ئێکەم چریسکا شەری ل قەلادزێ هەلکرا! و هندەک ژێدەر دبێژن کو هەر پەکەکە بوو بارەگایێن پارتی سوتین و کادرێ وێ شەهیدکرین!! و هوسا پارتی و ئێکەتی ب شەرەکی ڤەکرن کو نەدبوو بکەن ! و خەلکی پشتی وان نەهامەتیا خرا تووشی کارەساتێن مەزنتر بکەن.

شەر خەسارەتیە و مال خراپکرنە بۆ هەمی لایێن شەرکەر! بەلێ مخابن ل شوینا پەکەکێ رولێ نێوانگێریێ دیتبوو هەولدابووا شەر راوستیت! جەبهەیەکێ دی یێ شەری ڤەکر دژی پارتی و ب تایبەت لسنوورێت دەڤەرا بەهدینا و سەرەرای وان ئابلوقێن ئابوری یێت مەزن لسەر هەرێمێ پەکەکێ ئەو گوندێت پشتی ئەنفالا ماین ژی خراپکرن و خەلک ژ گوندان دەرکەت و باریێ خەلکی ژ هەمی لایەکی ڤە ئێکجار خراپ بوو! دوژمنێت دۆزا کوردی هوسا هزردکر کو بڤی رەنگی دێ شیێن پارتی و مالا بارزان ژناڤببەن و ژ هەر بزاڤەکا سیاسی دوورکەن و دۆزا کوردی ئێدی نامینیت! لێ شکەستن و پارتی بهێزتر لێهات.

لدەمێ دروستبونا بزاڤا گوران لسالا 2009 دووبارە ئالوزی دروستبوون و هەر زوی بوونە داردەستێن بەغدا دژی هەرێمێ! و بهەمی رەنگا هەول هاتنەدان کو ناڤبەرا هەولێرێ و بەغدا ئالۆزکەن و شیان ڤێ چەند بکەن و خەلکی هاندەن دژی دامودەزگایێن هەرێمێ، ئەو بوو خوپێشاندان ل سنوورێ پارێزگەها سلێمانیێ دروستکرن و دیسا هەر ل قەلادزێ پەکەکێ خەلک هاندا و چۆنە دناڤدا و بارەگایێن پارتی سۆتن و هەمی بزاڤ کرن دووبارە شەرەکی دروستکەت و هەرێمێ تووشی قەیرانن مەزن بکەت بەلێ هەر شکەستن ئینا و نەشیان وێ پیلانێ بگێرن. و نوکە پەکەکە هەمان پیلانان یا دگێریت ل وی سنووری و ب شێوازێن جودا و دەلیڤە بۆ تورکیا خۆشکریە کو مفایی ژ کاودانێن عیراقێ ببینیت و سنوورا ببەزینیت و گەفێن کۆنترۆلا قەندیلێ و شنگالێ بکەت.

ئەڤە ئەگەر ئەم بزانین کو پەکەکە لسوریا هەڤپەیمانە دگەل رژێمێ و دژی هەر پارت و بزاڤەکا کوردیە ل روژئاڤا. و پیلانا وان ل کوبانێ سەرنەگرت کو وی باژێری رادەستی داعش بکەن و بەهانەیا بدەنە تورکیا کو بۆ پاراستنا سنوورێت خۆ بێت و کوبانێ داگیربکەت، لێ بهەول بەردەوامێن بارزانی ئەو شارە هاتە پاراستن و پاقژکرن ژ تیرورستا. لەورا دووبارە ئەو پیلان ل عەفرینێ گێرا و مخابن تورکیا ئەو شارێ کوردستانێ نوکە داگیرکریە و هەمی بزاڤا یا دکەت کو مونبج داگیربکەت و هەبوونا کوردان لسوریێ بەرەف لاوازیەکا تمام ببەت.

ل ئیرانێ ژی داردەستا دەستهەلاتێ و پارێزەرا سنوورێت ئیرانێ لدەڤەرێن کوردی یە و دیسا دژی وان پارتێن کوردیە ین دژی کومارا ئیرانێ، بهەمی رەنگا هەڤپەیمانە دگەل بەغدا دژی هەرێما کوردستانێ. و خۆ ل ئەرمینیا هەڤپەیمانە دگەل هەردوو پارتێن (هاشناق - داشناق) یێن دەستهەلاتدار کو تومەتبارێن ب ئەنجامدانا کومەلکوژیا دژی کوردان و رێگریێن بەرامبەر هەر بزاڤەکا کوردی لوی وەلاتی. ل تورکیا پەکەکە نە دژی تورکانە بەلکو دژی وان پارتانە ین کو باوەری ب چارەسەریا کێشا کوردی هەیی. و مخابن پەکەکێ و هندەک حزبێن سیاسی لهەرێما کوردستانێ ئەو هەولێن دیپلوماسی یێن ل باکورێ کوردستانێ هەبوون توشی گرفتێن مەزن کرن و بهانە دانە حکومەتا تورکیا کو پروسا سیاسی و بیڤاژویا ئاشتیێ راوستینیت و شەرێ دەست پێکرە ڤە. و پەکەکێ شەر برە دناف باژێرێن کورداندا و کرنە کاڤل و ژیان تێدا نەهێلا و خەلکێ کورد تووشی کارەسات و دەربەدەریێ کر.

دروستبوونا داعش و هاندانا وێ دژی هەرێمێ ل هاڤینا سالا 2014 پیلانەک بوو پشتی پیلانێن ئوپراسیونا دیجلە و بادیە و جەزیرە و برینا موچە و بودجا هەرێمی و ئەو کودەتایا سپی یال پەرلەمانێ هەرێمێ دروستبووی ژلایێ هندەک لایەنێن سیاسی ین هەرێمێ شکەستن ئینایی! هوسا دیاردبیت ئەو پیلانا دژی پارتی و مللەتێ کورد هاتیە دارێتن لسالا 1993 تا سالا 1997و شکەستن ئینایی، هەمان پیلان برەنگەکێ دی هاتەدارێتن و لدەستپێکا سالا 2014 دەستپێکر و خیانەتا 16ی ئوکتوبەرا سالا 2017 پشتی ریفراندوما سەربەخۆییا کوردستانێ مەزنترین پیلان بوو دژی دۆزا کوردی ب گشتی و ئاساوارێن وێ هەتانوکە یا بەردەوامە، لەورا دگەل شەرێ داعش رولێ پەکەکێ هاتبوو دیارکرن ئەوژی پشتی داعش پەلەماری شنگال و دەڤەرێن دی دەدت و داگیردکەت دگەل وان کاودانا پەکەکە بێت و وان جهێن گرنگ بگریت و برێیا راگەهاندنێ راپورتێن بێ بنەما دژی هەرێمێ و پێشمەرگەی بەلاڤکەت و بهەمی رەنگا هەول بدەت ناڤێ پێشمەرگەی کرێت و نە شرین بکەت دچاڤێ خەلکیدا و بێ باوەریێ لدەڤ پەیدا کەت و تانوکە یا بەردەوامە. و زۆر ژێدەر خۆیا دکەن کو گەلەک نەهامەتیێن کوردێن ئێزدی پەکەکێ بخۆ ئەنجامداینە و زۆرەک ژ کچ و زاروکێن وان برینە.

لڤێرە خویا دبیت کو پەکەکە ژ ئالیێ چەند دەزگایەکێن موخابەراتی ڤە دهێتە برێڤەبرن و بەرژەوەندیت وان د پارێزیت و ئارمانجا هەرە گرنگا ڤێ حزبێ ئەوە کو ئاستەنگ و کێشا و گرفتا بەرامبەر سەربەخۆیا کوردستانێ دروستکەت، ب تایبەت پشتی ئەنجامدانا ریفراندومێ و ببیتە رێگر بهەمی رەنگا بەرامبەر ڤێ خواستا مللەتێ کورد پشتی هەمی پیلانێن بەری نوکە هاتینە ژناڤبرن. بەلێ هەمی پێشبینی بۆ وێ چەندێ دچۆن کو پشتی روودانێت دەڤەرا شێلادزێ و سنورێ سلێمانیێ و رۆژئاڤا ب تایبەتی پشتی کەفتنا عەفرینێ و ئەو مەترسیێن لسەر مونبج هەین و ئەو رەفتار و کریارێن شاش و نەمرۆڤانە یێن پەکەکێ ئەنجامداین کو دوماهیکا ڤێ حزبێ و چەند هێزێن دی یێن چەکدار وەکی کروپێن دناڤ حەشدا شیعیدا نێزیک بوو و شەر دچیتە دناڤ مالا پیلانگێرادا.

گرنگیا بازاڕگێڕیا ئەلیکترۆنی بۆ بازاڕێن هەرێما کوردستانێ؟

سەردار شاکر سلێڤانەی

بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی ئێکە ژ ئامرازێن بازرگانیا ئەلیکترونی و ژ فاکتەرێن سەرکەفتن و بەلاڤبونا وێ یە ل کومەلگەهێ ,و چالاکیێت بازاڕگێڕیێ برێکا ئەنتەرنێتێ گەلەک زێدە بوینە لدیف ڤەکولین و ئامارێن هاتینە کرن و پێشبینی دهێتە کرن ئارەزو و حەزێن بەکارهێنەران زێدەتر ببن بڤی جوری ژ بەر گرنگی و پیتەپێدانا هەڤوەلاتیان بڤی جورێ بازاڕگێڕیێ. و پروسیسا بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی دهێتە ناسکرن بکریارێن کرین و فروتنێ و ئالوگور کرنێ یان لێکگوهارتنا کەل و پەل و خزمەتان و زانیاریان برێکا تورێن کومپیوتەران و ئەنتەرنێتێ و دهێتە بکارئینان وەک دەربرین ژ تەکنولوژیایا سەردەم بو ڤەگوهاستنا زانیاریان ئەلکترونی بئارمانجا بازرگانیکرنێ ,و لڤێرە بەکارهێنەر زەحمەتێ نابینت هەروەکی د بازارکرنا کەڤن دە گەلەک وەخت دبورت و زەحمەت دهێتە کێشان ژلایێ بکارهێنەری ڤە.



هەژیی یە بێژین کرین و فرۆتن برێکا ئەنتەرنێتێ یا بوویە ژ خزمەتێن بەرچاڤ و گەشە دکن بەردەوام ژ بەر ئاسانیا دهێتە دیتن ژبۆ گەهشتنا تۆرێن ئەنتەرنێتێ و کێمبوونا بهایێ کەلوپەلان و ئازادی دهەلبژارتنێ دە و بکارهێنەر گەلەک ئامرازێن جودا بکاردئینت یێن ئەنتەرنێتێ مینا پوستێن ئەلیکترونی، و سایتێن ئەلیکترونی دڤۆناغێت کرینێ یێت جودا دا، و لڤێرە پێدڤیە هەردوو تێگەه و زارڤێن بازاڕکرن برێکا ئەنتەرنێتێ و بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی ژ ئێک جودا بکەین چونکی بازاڕکرنا ئەلیکترونی دهێتە ئەنجامدان ژلایێ بکارهێنەری ڤە، لێ بازاڕگێڕی دهێتە ئەنجامدان ژلایێ کۆمپانیا بفرۆتنا کەلوپەلان رادبیت برێکا تۆرێن ئەنتەرنێتێ. سەرەڕای زێدەبوونا بەرچاڤ یا بازارکرنێ برێکا ئەنتەرنێتێ، لێ هندەک خالێن لاوازیێ هەنە، ژوان ژی: کێماتیا بکارئینانا ئەنتەرنێتێ دکریارێن کرین و فرۆتنێ دا و نەبوونا شەهرەزاییێ ژلایێ هەڤوەلاتیان ڤە و کێماتیا هەیی د هەبوونا سایتێن ئەلیکترونی دناڤ بازارێن هەرێما کوردستانێ دە، لاوازیا باوەرریێ ب بکارئینانا ئەنتەرنێتێ دکریارێن کرین و فرۆتنێ دە و هەبوونا هێرش و گەفان لسەر تەناهی و ئارامیێ د کریارێن کرینێ دە برێکا ئەنتەرنێتێ و دزینا زانیاریێت تاکەکەسی ژلایێ کەسێن نەنیاس ڤە و نەبوونا باوەریێ ب کرینا تشتی بێ دەست لێدان و دیتنا ئێکسەر و زێدەباری کۆمپانی و کارگەهێن مە نەکارینە سیستەمێ کرینێ برێکا ئەنتەرنێتێ بەلاڤ بکن و پتر ئاراستەیێ هەڤوەلاتی بکن بکرینا ئۆنلاین.

گەلەک خاسلەت و تایبەتمەندی هەنە بۆ بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی پێکهاتینە ژ: بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی کلیلا بجهئینانا ئارمانجێت کۆمپانی و دەزگەهێت سەردەمە کو برێکا وێ پێدڤی و ئارەزوێن بازاری دهێنە دیارکرن و ئەڤ بازاڕگێڕیە پشتبەستنێ دکت ل سەر تەکنولوژیا تازە دکریارێن ریکلامکرنێ و فرۆتنێ و بهاکرنێ دە بتایبەتی ئەنتەرنێتێ، خەرجیات کێمتر دبن کو دسەردەمێن کەڤن دە دراڤەک زۆر دهاتە خەرجکرن دکریارێن ریکلامکردنێ دە لێ نها ئەڤ تێچوون کێم بوینە، بەزاندنا سنورێت ناڤخۆیی و بیانیان کو بازاڕگێڕی برێکا ئەنتەرنێتێ چ سنورێت جوگرافی نزانت، بەلاڤبوونەکا زێدە و بەرچاڤ کو بکارهێنەر دکاریت بچیت دناڤ ڤان بازارێت ئەلیکترونی دە هەروەختا حەزکر بسانەهی گەهشتن ب وی کەلوپەلێ پێدڤی، بەردەست کرن و هەبوون بۆ هەمی تاخ و چینان و لدوماهیێ باشترکرنا بریارێن کرینێ. هەلبەت بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی نەتنێ بو وەلاتێن پێشکەفتی یا گرنگە لێ بۆ وەلاتێن پاشکەفتی ژی گرنگیەکا زۆر هەیە بۆ پێشکەفتنا ئابووری، لێ ژ بەر نەبوونا کارتێت بانکی و نەبوونا ژمێرەیان ل بەنکان بازاڕکرن و بازاڕگێڕی لهەرێما کوردستانێ یا لاوازە و پتر هەڤۆلاتی قەستا بازاڕان دکەن ژ بۆ کرینا کەلوپەلێن پێدڤی. کۆمپانی ژی تارادەیەکێ تازە فێربووینە شێوازێ فرۆتن و ریکلامکرنێ برێکا ئەنتەرنێتێ و گەلەک کۆمپانیی و دوکان کەلوپەلێت خۆ برێکا سایتێت ئەنستگرامی و فەیسبوکی بەلاڤ دکن و هەروەختا کڕیارەکێ ڤیا بکریت ئەو کۆمپانی برێکا شوفێرەکێ بۆ وی تاکی دگەهینت بەرامبەر کرێیەکێ و ئەڤ کرینە تازە زۆر بوویە. لێ هێشتا نە کۆمپانی و کارگەهێت مە نە ژی بکارهێنەری گەلەک هەولا زێدەکرنا کرین و فرۆتنێ برێکا ئەنتەرنێتێ نەدایە ژ بەر گەلەک ئەگەران. لەوا ب دیتنا من ئەگەر کۆمپانییێت مە پتر گرنگیێ بدەنە بازاڕگێڕیا ئەلیکترونی دێ هەم کەلوپەلێت وان زێدەتر هێنە فرۆتن هەم ژی دێ قازانجێ وان زێدەتر بیت و دبیت برێکا ڤێ بازاڕگێڕیێ ئەم سەرنجا هەڤوەلاتییێت وەلاتێن دیتر بۆ خۆ راکێشن و داهاتێ بیانی لناڤ وەلاتێ خۆ زێدە بکن دا ئابوورێ هەرێما مە بەردەوام دگەشەکرنێ دابتین و سەرکەفتنا کۆمپانیێت ناڤخۆیی ل سەر کۆمپانیێت بیانی زال ببیت.

***ماموستایێ زانکویا پولیتەکنیکی دهوک.**

زیندەوەران و دەستەواژەی سیاسیی

د. عەممار عەلی حەسەن

زۆر جار ئاژەڵەکان لە داتاشینی دەستەواژەی سیاسیی بەکاردەهێندرێن، وەکو پڵنگەکانی ئاسیا، ورچی رووسی، ئەژدیهای چینی، مراوی لەنگ، گورگە تاکەکان، ئەسپی رەش، کۆترەکان و هەڵۆکان.

دەستەواژەی مراوی لەنگ، بەو حکومەتە دەوترێت، کە ماوەی مانەوەی لە دەسەڵات لە کۆتاییدا بێت، بەمەش قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە و خەڵکی بە چاوی راییکردنی کارەکانی حکومەتی داهاتوو سەیری دەکەن، کە تازە هەڵبژێردراوە و دەسەڵات دەگرێتەدەست. بەڵام بنەچەی ئەو گوزارشتە بۆ وەسفکردنی سەرۆکی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، کە هەرجارە لەمانگی تشرینی دووەم ماوەکەی تەواودەبێت، بەڵام دەبێت لە کۆشکی سپی بمێنێتەوە، تاکو ئەو سەرۆکەی دوای خۆی لە مانگی کانونی دووەم دەسەڵاتەکە وەردەگرێت، هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا لە ماوەی سەرۆکایەتی دووەمیدا بێت، یان لە جەنگی مانەوە لە پۆستەکەی بۆ گەڕی دووەم دۆڕابێت. بەڵام شتەکە درێژ بوویەوە و بووە ئەو دەستەواژەیەی کە بە هەموو سیاسەتێک دەوترێت، کە نەتوانێت بەو ئامانجانە بگات، ئەوەی نەخشەی بۆ کێشابوو.

بەو پاڵێوراوە دەوترێت ئەسپی رەش، کە رکابەرەکانی بە کەمتەرخەمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بوونی فەرامۆش دەکەن، وا دەزانن ناتوانێت رکابەریی بکات و هیچ دەرفەتێکی بردنەوەشی نییە، بەڵام هەمووان تووشی سەرسوڕمان دەکات و دەستکەوتی بەرچاو بەدەست دێنێت. بەرانی قوربانییەکان، ئەو پاڵێوراوەیە کە پارتەکەی، یان هێزێکی سیاسیی، یان کۆمەڵایەتی و هی دیکە بۆ پۆستێک راپێشی دەکەن، بێ ئەوەی هیچ دەرفەتێکی بردنەوەی هەبێت. بەو پاڵێوراوە دەوترێت، تاقیبکەری ئەسپەکان، کە پێیوایە داکۆکی لە نەیارەکانی دەکات و لەنێو یەک پارتی سیاسیی یەکیان دەخات.

ئەژدیها، کە نازناوی چینە، ئاژەڵێکی ئەفسوناوییە، سەری وشتر، گوێچکەی مانگا، قۆچی ئاسک، ملی مار، سکی ماسی سەدەفی، چڕنوکی هەڵۆ، ناولەپی پڵینگ، پوولەکەی ماسی شەبووت، قەپێلکی چڕ و چاوی خەیاڵکەری ئەهریمەنی هەیە. ئەژدیها، پێگەیەکی قووڵی لە ویژدان، کولتوور و دەروونی چینییەکاندا هەیە، شوێنێکی پێشکەوتووشی لە ئەدەب، هونەر و بیناسازیاندا هەیە، ناوی بووەتە هاوشانی چین، وەکو هێزێکی جیهانی گەورە لە ئەدەبیاتەکانی سیاسیی و ئابووریدا، کە بەچەندین زمان دەنووسرێتەوە، هەموو سیفەتێکی چەسپاو بەو ئاژەڵە ئەفسوناوییە، بۆ وڵاتی چین دەگەڕێتەوە، لە خواستراوێکی پڕ مانادا.

دەڵێن ورچی رووسی، ئەو وەسفکردنە تەنیا لەبەر ئەوە نییە، ئەو ئاژەڵە تەنیا لە سەر خاکی رووسیادا هەیە، بەڵکو هێمای ورچ لێرەدا، بۆ هێز دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو ورچانەی لەوێندەر دەژین، گەورە، چڕنوک تیژ، توند و بەتوانان لە راوکردنی نێچیرەکان بە ئاسانی، هەندێک ئەو ناوە بۆ وەسفکردنی رووسیا بە، دوژمنکار، دەسەڵاتدار و ستەمکار بەکار دێنن.

پڵینگەکانی ئاسیا، بە کۆمەڵێک وڵاتی ئاسیا دەوترێت، کە ئاستی بەرچاویان لە گەشەکردنی ئابووری بەدیهێناوە و بەرنامەی گەشەپێدانیان لە چوارچێوەی ئابووری بازاڕ لە خۆگرتووە، ئەو وڵاتانەش لە چەند پڵینگێکی پێگەیشتوو پێکهاتوون کە ئەمانەن، هۆنگ کۆنگ، ژاپۆن، کۆریای باشوور و تایوان، هەندێکیش لە قۆناغی بەچکەیی رەتیان داوە وەکو، ئەندۆنیسیا، مالیزیا، تایلەند و چین.

پێشتر دەستەواژەی پڵینگ، لە هەندێ ئەدەبیات و پێش جەنگی سارد، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوترا، سۆڤیەتەکان ویستیان لە بەهێزییەکەی کەم بکەنەوە، بۆیە ئەو دەم بە پڵینگی سەر کاغەز وەسفیان کرد.

لەوانەیە هیچ دەستەواژەیەکی هێماسازی لە مێژووی تیرۆر، لە گورگە تاکەکان پڕ ماناتر نەبێت، کە لەگەڵ تیرۆریستەکانی ئەم دواییە، مەبەست لێی، کەسانی کاریگەرە بە هزری رێکخراوی داعش، یان ئەوانەی سەر بەون، کە بە نهێنی کردەوەی تیرۆریستی لێرەو لەوێ لە هەندێ وڵات ئەنجام بدەن، پاشان خۆیان رابگەیێنن، یان قورقەپی لێ بکەن و ئەو ئەرکە بۆ راگەیاندنەکانی رێکخراوەکە جێبێڵن، کە پشتیوانی لەو جۆرە رووداوانە دەکات، یان دەیخاتە پاڵ خۆیان، لە چوارچێوەی هەوڵی بۆ گەورەکردنی هێزەکەی، بۆ راکێشکردنی کەسانی دیکە بۆ چوونە پاڵی، یان داو بۆ نەیارەکانی دانێتەوە و فشاریان بخاتە سەر، یان هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی بهاوێت.

هەرچی کۆترەکان و هەڵۆکانە، گوزارشتێکی خواستراوە لە جیهانی باڵندەکاندا، میانڕەوەکان بە کۆتر وەسف دەکرێن، توندڕەوەکانیش بە هەڵۆکان، تیمی یەکەم وا خۆیان پیشان دەدەن، چاکی، ناسکی و نەرمی کۆتریان هەیە، هەرچی تیمی دووەمە، خۆیان وەکو بریندارکەر و هەڵکوتکەر پیشان دەدەن، کە بە شتی کەم رازی نابن.

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیەش، بۆ سەردەمی جەنگی سارد دەگەڕێتەوە، کە هەڵوێستی دوو تیم لە سیاسەتکارانی ئەمریکامان، لە مامەڵەکردن بە باشترین شێوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی دارماو بینی، یەکەم بەکارهێنانی هێزیان پێ باشبوو، دووەمیش نواندنی نەرمی و ئاشتەوایی.

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە، لە وەسفکردنی سیاسەتی چەندین وڵات بووەتە شتێکی باو، کە لەوانەیە بە راستی ئەو جۆرە دابەشبوونەیان تێدا بێت، لەوانەشە تەنیا جۆرێک لە دابەشکردنی رۆڵەکان بێت.

و: رەمزی میرەکانی

www.xebat.net
چوار شەمە 2019/2/20 ژمارە (5698)



لە 18ی شوباتدا پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی کارابوو

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا

خەبات: تریفە ئازاد

دوای چەندین کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا لە ڕۆژی 18ی شوباتی 2019 کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجام بدرێت. لە چوارچێوەی ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، وێرای ئەوەی بۆ چەند کاتژمێرێک وادەی کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ ئەوەی ماوە و هەڵی زیاتر بدرێت بە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بەشداری لە یەکەم کۆبوونەوە بکات، بەڵام لە ئەنجامدا کوتلەی یەکێتی هەر بەشداری نەکرد؟! لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کە تێیدا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا. ئەم هەڵوێستەی یەکێتتش جێگای چەندین ڕامان و شلۆقژەی سیاسییە کە لێرەدا کات و دەفەتی ئەوەمان نییە بخەینەڕوو؟!. پاش هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کۆبونەوەکە بڕیاریدا لە داهاتوو دەست بکرێت بە دانانی لیژنەکانی پەرلەمان و یەکەم لیژنەش دانانی لیژنەی یاسایی دەبێت.



سەرەتا کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ چەند کاژمێرێک دواخرا

بڕیاربوو کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە 18ی شوبات، یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی کاراکردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بەڕێوەبچێت. بەڵام ئەوەی زیاتر کات بە کوتلەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدرێت ئامادە و بەشداری کۆبوونەوەکە بکات، وادەی کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی چەند کاژمێرێک دواخراو بڕیاردرا کە دانیشتنی پەرلەمان لە کاتژمێر 3ی هەمان ڕۆژ ئەنجام بدرێ. لەکاتێکدا کوتلەی یەکێتی داوای کردبوو کە بیست و چوار کاتژمێر دوابخرێت، بەڵام واپێدەچوو کە لایەنە ئامادەبووەکان (فراکسیۆنە ئامادەبووەکان) وایان بەباش زانی کە وادەی دواخستنی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان چیدی لەمە زیاتر دوانەخرێت. بۆیە پاش ئامادەبوونی ڕۆژەی یاسایی لە کاژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجامدرا.

دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا

دوای ئەوەی کە کۆبونەوەکە دواخرا، لە کاژمێر 3ی دوای نیوەڕۆی 18ی شوبات بەبێ بەشداری کوتلەی یەکێتی پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەردەگرێت. هەروەها لەم خولەی پەرلەماندا یەکەم جارە پێکهاتەی تورکمان لە کوردستاندا دەگەن بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەویش خاتوو مونا قاوەچییە وەکو جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان دەنگی پێویستی بەدەست هێنا.

کوردستانێکی بەهێزمان دەبێت

هێمن هەورامی کە بووە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەو سەرکەوتنەی ئەمڕۆ بەدەست هات ئەوە سەرکەوتنی هەموو خەڵکی کوردستانە بە هەموو حزب و پێکهاتەکانەوە بە یەکێتی نیشتمانیشەوە، چونکە ئەوانیش هێزی دووەمن لە هەڵبژاردن، هاوبەشی ئێمەن لەم ولاتە هەموو حزبەکان خۆمان بەسەرکەوتوو بەسەر نەیارەکانی کورد دەزانین، بۆیە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ڕانەوەستێت دەبێت دامەزراوەکانی خۆمان بەهێز بکەینەوە. بۆیە من پیرۆزبای دەکەم لە خەڵکی کوردستان و ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون. وە ئەگەر هاتوو یەکێتی و پارتی ڕێکەوتن، ئەوا ئێمە وەک پارتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان پێدەینەوە، دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت ئەو حکومەتە هی هەمووانە، چونکە جگە لە فراکسۆنی یەکێتی دروست 90 پەرلەمانتار لەنێو هۆڵی پەرلەمان بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەم پەرلەمانتارانە نوێنەرایەتی تێکڕای خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەن لە ڕێژەی دەنگ دان ڕووبوو، داواش دەکەین کە لە کاتی لێدوان بەرپرسیارانە لێدوان بدرێت بۆ ئەوەی کوردستان ئارام بێت و کوردستانێکی بەهێزمان دەبێت.

نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان دەکەین

مونا قاوەچی کە لە پێکهاتەی تورکمانەکانە، بووە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: "دانیشتی پەرلەمانی کوردستان کە لە 18ی شوبات ئەنجامدرا کە تێیدا دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژارد وە هەنگاوێکی گرینگ بوو کە وەک چوون خەڵک چووبوو بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگی خۆیان دابوو بۆ ئەوەی ئەنجامی هەبێت و ئەمرۆ ئەم دەرئەنجامە هاتە دی، و ئێمە وەک نوێنەری پێکهاتەی تورکمان بە شانازیەوە پێکهاتەی تورکمان و ئاشوری و کلدان و ئەرمەن ئێمە دەتوانین نوێنەرایەتیان بکەین چونکە ئەوە متمانەی خەڵکی کوردستانە ڕاستە ئێمە پێکهاتەیەکین، بەڵام لە کۆتایدا خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەگەیێنن، ئەوەش دڵخۆشکەر بوو کە بۆ یەکمجارە پێکهاتەی تورکمانی ئافرەت بێت و لێرەوە کارەکانی بەشداری کوتلەی یەکێتی پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەردەگرێت. هەروەها لەم خولەی پەرلەماندا یەکەم جارە پێکهاتەی تورکمان لە کوردستاندا دەگەن بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەویش خاتوو مونا قاوەچییە وەکو جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان دەنگی پێویستی بەدەست هێنا.

کوردستانێکی بەهێزمان دەبێت

هێمن هەورامی کە بووە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەو سەرکەوتنەی ئەمڕۆ بەدەست هات ئەوە سەرکەوتنی هەموو خەڵکی کوردستانە بە هەموو حزب و پێکهاتەکانەوە بە یەکێتی نیشتمانیشەوە، چونکە ئەوانیش هێزی دووەمن لە هەڵبژاردن، هاوبەشی ئێمەن لەم ولاتە هەموو حزبەکان خۆمان بەسەرکەوتوو بەسەر نەیارەکانی کورد دەزانین، بۆیە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ڕانەوەستێت دەبێت دامەزراوەکانی خۆمان بەهێز بکەینەوە. بۆیە من پیرۆزبای دەکەم لە خەڵکی کوردستان و ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون. وە ئەگەر هاتوو یەکێتی و پارتی ڕێکەوتن، ئەوا ئێمە وەک پارتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان پێدەینەوە، دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت ئەو حکومەتە هی هەمووانە، چونکە



دەست پێبکات بەشدار بێت لە دەسەڵاتی یاسادانان و بڕیاردان هەنگاوێکە بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوو پۆستی تریش دەستەبەر بکەین و خزمەت بکەین هیوا خوازین لەنێو پەرلەمانی کوردستان هەموو حزب و لاینە تورکمانەکان خزمەت بکەین و هاوسۆزی یەکتر بین یەک هەڵویست بین لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، گرینگی ئێمە وەک پێکهاتەی تورکمان ئەوەیە کە لە دەستەی سەرۆکایەتی وەک ئافرەتێک بۆ یەکمجار دەتوانین کار بکەین لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان یەک هەڵویست بین لە هەموو پرۆژەکان و بەشداری کارای هەبێت وە ئافرەتێکیش وەک سەرۆکی پەرلەمانی کاتیش هەڵبژێردرا بۆ یەکەمجار ئەوەش مێژوویەکی جوانە وئەوەش ئەوە دەگەنێت کە ئافرەت دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی کە سەرۆکایەتی دامەزراوەیەکی شەرعی بکات و لە داهاتوو بەشداری کارای بێت.

کۆبونەوەکەی پەرلەمان یاسایی بوو

ڕێبوار بابکەیی پەرلەمنتاری فراکسۆنی پارتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: "بەپێ ڕێکارە یاسییەکان دانیشتەکەی پەرلەمان بەڕێوە چوو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێ یاسا هەڵبژێردرا وە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە شێوەکی کاتی دکتۆرە قالا فەرید بووە سەرۆکی پەرلەمان تا ئەو کاتەی یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەکات، هەرکاتێک بەڕێڕی هەبوو، ئەوکات ئێمە وەک پارتی کاندیدەکەمان دەست لە کار کێشانەوە پێشکەش دەکات و پۆستەکە دەدرێتەوە بە یەکێتی وە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان ڕێگەی داوە، هەر فراکسۆنێک ئەگەر بەڕێڕی هەبوو بۆ سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکە و سکێتر، ئەوە مافێکی ئاسایی و یاساییە ئێمە لەو چوارچێوەیە وەک فراکسۆنی پارتی بەڕێڕی خۆمان هەبوو بۆ سەرۆکی پەرلەمان. بەڵام دووبارە جەخت دەکەینەوە هەر کاتێک یەکێتی کاندیدی هەبوو ڕێکەوتنی کرد لەگەڵ پارتی ئەوا ئێمە بەڕێڕ خۆمان دەکشێنینەوە دەنگ بە کاندیدی یەکێتی دەدینەوە.

هەموولایەنەکان کۆک بوون لەسەر کاراکردنی پەرلەمان

کۆبوونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەرووی یاساییە کۆبوونەوەیەکی یاسایی و ئاسایی بوو، ئەگەرچی کوتلەی یەکێتی نیشتمانی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، بەڵام ڕێڕەی یاسایی کۆبوونەوە ڕێڕەیەکی یاسایی بوو و هەموو لایەنەکان (بێجگە لە کوتلەی یەکێتی) کۆک و هاوڕابوون بە کاراکردنی پەرلەمان و بەشداری کردنی لە تەواوکردنی ڕێڕەی یاسایی کۆبوونەوە و پاش چەند کاتژمێرێک لە دواخستنی لەم کۆبوونەوەیەدا وەکو لەسەرەوە خستمانەروو، دەستەی سەرۆکایەتی بە هەڵبژاردنی نێو پەرلەمان دیاری کران. هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا ئەندام و کوتلەجیاوازەکانی پەرلەمان مافی دیموکراسی و ئازادی بیروبۆچوونی خۆیان پەیرەو کرد و وێرای بەشداربوونیان لە کۆبوونەوەکە، بەڵام هەندێک لایەن دەنگیان بە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەدا.

کوتلەی یەکگرتوو دەنگی بە هەڵبژاردنەکە نەدا

بۆ کاراکردنی پەرلەمان و تەواوکردنی ڕێڕەی یاسایی کۆبوونەوەی پەرلەمان، جگە لە کوتلەی یەکێتی سەرجەم کوتلەکانی پەرلەمان بەشداربیان لە کۆبوونەوەکەدا کرد. بەڵام دواتر کوتلەی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش دەنگیان بە هەڵبژاردنی سەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەدا.

لەم ڕووەوە شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند: "ئێمە وەکو کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەمڕۆ بەشداریمان کرد لە تەواوکردنی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا، پێویستبوو زووتر ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت و کۆبوونەوەی یەکەم ئاوا درێژەی نەخایاندبوا، هەڵەیەکی گەورە بوو، بەرپرسیاری یەکەم بریتییە لە سەرۆکی بەتەمەن، کە کۆبوونەوەکە ئەو ماوە درێژەی خایاند، دوای ئەو هەموو تەحەدیاتەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کۆبوونەوەی یەکەم بووەوە، بەڵام سوربوین لەسەر ئەوەی کۆبوونەوەکە ئەمڕۆ تەواو بکرێت، بەشداریمان کرد لە کاراکردنەوەی پەرلەمان، لەمڕۆوە سەرۆکایەتی پەرلەمان وادەی خۆی، کۆبوونەوەکە بە ئاسایی ئەنجامدرا.

کوتلە و ئەندامانی پەرلەمان مافی دیموکراسی خۆیان پەیڕەوکرد

دەبێت و پەرلەمان کارا دەبێت و ئێمەش پشت بە خوادی گەورە ئۆپۆزیسیۆنی بوێر و جددی و خەمخۆری خەڵکی ستەملێکراوی ئەم هەرێمی کوردستانە دەبین".

کوتلەی کۆمەڵی ئیسلامیش دەنگی بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەدا

عەبدولستار مەجید، سەرۆکی کوتلەی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان دەربارەی هەڵوێستی کوتلەی کۆمەڵ و دەنگنەدان بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: "ئێمە وەکو کوتلەی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەی ئێستا دەکەین، کە بڕیاری پێشووی خۆمانە، بەڵام بڕیارماندواوە دەنگ بە هیچ کاندیدێک نادەین، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ هیچ یەکێک لە کوتلەکانی پەرلەمان نییە. پێمانوایە ئەو پرۆسەیە بە ئاراستەیەکی ناتەندروست و نائاسایی و ناسرووشتیدا دەڕوات، ئێمە دەبین بە فاکتەرێکی ئیجابی بۆ کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی بۆ خزمەتی ئەم خاکە و ئەم وڵاتە. ئێمە هەستدەکەین ئەم پرۆسەیە بە ئاراستەیەکی دیکە دەڕوات، لە کۆدەنگی بترازێت دەکەوینە مەلمەلانێیەکی دیکەوە و قەیرانێکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان زیادەبێت، بۆیە ئێمە بڕیارماندواە دەنگ بە هیچ پالێوراوێک نەدەین".

کوتلەی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح ئامادەی کۆبوونەوەی کاراکردنی پەرلەمان بوو

شێرکۆ جەودەت سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح لە پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی هەڵوێستی بەرەوئیسلاح بۆ کاراکردنی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: "ئێمە ئامادە بووین بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڵام دەنگ نادەین بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان". لە دڕێژەی لێدوانەکەی، شێرکۆ جەودەت گوتی: "ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندبوو، لەپێناو کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە بەشداریی کۆبوونەوەکە دەکەین، تاوەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت و پەرلەمان کارا بکرێت، بەڵام دەنگ بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نادەین".

کاکەمین نەجارِ: بە پێکهێنانی حکوومەت جوڵەیەکی نوێ دەکەوێتە بازارِ و ژیانی هاوواڵتیان



بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لە خزمەتی خەڵکی کوردستان نییە و ئەو ماوەی هەبوو دەرفەتی بەخشیە هەموان بەشداری لە حکومەتدا بکەن. سەرلەبەیانی دوێنێ سێ شەممە 19ی شوباتی 2019 کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق، لەگەڵ بەرپرسی لیژنە ناوچەو نووسینگەکانی سەر بە لقی دوو کۆبوونەوەیەدا کاکەمین نەجار باسی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو هەرێمی کوردستانی کرد و پێی وابوو لە قۆناغی ئێستادا دوا کەوتنی پێکهێنانی حکومەت لە خزمەتی خەڵکی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسیەکانیش نەبووە و گوتی: وڵات بێ پەرلەمان نابێ، بە پێکهێنانی حکومەتیش جوڵەیەکی نوێ دەکەوێتە بازارِ و ژیانی هاوڵاتیان. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کاکەمین نەجار باسی هەوڵەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی کرد بۆ لەباربردنی ئەزموونی چەندین ساڵەی هەرێمی کوردستان کە بەخوێنی هەزاران شەهید دروستبووە، جەختی لەوە کردەوە کە هەرچەندە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بێ هێز بووە و بە هەوڵی قارەمانانەی پێشمەرگە دوور کەوتۆتەوە،بەڵام دەبێ هەمیشە هەموان پارێزگاری لە ئارامی و ئاسایشی کوردستان بکەن بە یەک دەست.

هەولێر.. دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوکاری بەسەر 1053 خێزانی ئاوارە دابەشکرد



لە دریژەی کارە خێرخوازییەکانی دوێنێ سێ شەممە دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوکاری بەسەر هەزار و پەنجاو سێ خێزانی ئاوارەی ناوەڕاستی خواروووی عێراق لە هەولێر کرد. لەم بارەیەوە "دلڤین فارس" کارمەندی بەشی هاوکاری دەزگای خێرخوازی بارزانی ڕایگەیاند: دوێنێ لە هیران ستی دەزگای خێرخوازی بارزانی بەهاوکاری دەزگای ڕووناکی و ولاتی کوێت هاوکاری 1053 خێزانی ئاوارەی خواروووی عێراق لە هەولێر کرد. ڕاشیگەیاند: هاوکارییەکان بریتی بوون لە پارسێلی خۆراک و جل و بەرگی ئافرەتان و بەتانی کە بەسەر خێزانە ئاوارەکاندا دابەشکران.

سەربەست تروانشی سەرا ڕێکخراوێن سەر ب لیژنا ناوچا ئالا دا



ژبۆ هایدارکرن لسەر کێم وکاسییێن ڕێکخستنێ و پێتەقییێن بارەگایێ ڕێکخراوێن سنوریّ لقێ ئێک ، ل دیف بەرنامەکێ داریّتی یێ لقێ ، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها دارایی و ئیداریا لقێ سەرا ڕێکخراوێن سەر ب لیژنا ناوچا ئالا دا و بنێزیکی گوهداریا کێم و کاسییێن وان یێن ڕێکخستنێ و دیسان پێتەقییێن وان یێن ناڤا بارەگای بو، ئەڤەو ژبال خوڤە بەرپرسێ لقێ ئامادەبونا خو دیارکر ژبۆ پێتڤبێن وان یێن روژانە بو ڕاپەراندنا کاریّ روژانە ، ئەڤە و ژبال خوڤە بەرپرسێن ڕێکخراوێن سەر ب لیژنا ناوچا ئالاڤە سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبۆ ڤی بەرنامەی ، ئەڤەژی روحەکا دی یا کاری دئێخیتە د لەشێ مە دا.

پۆلیسی هەولێر هێرشکەری سەر پزیشکەکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای دەستگیر کرد



بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هێرشکەری سەر پزیشکەکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا دەستگیر کراوە.
لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دوێنێ سێشەممە 2019/2/19 لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی هەولێرەوە، ئەو کەسەی هێرشی کردە سەر پزیشکەکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، دەستگیر کراوە.
هەروەها بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا: لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ئەو کەسە ڕادەستی پۆلیسی هەولێر کراوە.
هەروەها هێرشکەرەکە پیشەی پێشمەرگەیە و بە چەکی جۆری دەمانچە هێرشی کردبووە سەر پزیشکەکە.
ڕوونیشی کردەوە کە ئێستا پۆلیسی هەولێر سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەو کەسەدا و بە وردی کار لەسەر دۆسیەکە دەکەن.
بەپێی ڕاگەیاندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، کە ڕۆژی شەممە 2019/16/2 بڵاوی کراوەتەوە: شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینیی ڕابردوو 2019/2/14 نەخۆشێک کە دوو هاوەڵی لەگەڵ بوو، یەکێک لە هاوەڵەکانی بەبێ هیچ بیانوویەک چەکی دەمانچەی لە ڕووی ژمارەیەک لە پزیشک و کارمەندانی ئێشکگری پێشوازی دەرهێنا و هەڕەشەی کوشتنی لێ کردن.

هۆشداری لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە دەدرێت

بەرزبوونەوەی ئاماری تووشبووان بە نەخۆشی شێرپەنجە بە حاڵەتێکی مەترسیدار دادەنرێ، پزیشکانی پسپۆڕو کارمەندانی نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، هۆشداری دەدەن و هاوواڵتیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکەنەوە کە دەرهاویشە گازەکانی ئۆتۆمبێل و موولیدە و کارگەکان هۆکارێکی سەرەکین لە پیسبوونی ژینگە و تووشبوون بە شێرپەنجە.
د. محەمەد عەبدلوەهاب لە نەخۆشخانەی هیوا بە کوردستان 24 گوت: ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەهێندرێنە هەرێمی کوردستان نازانرێ تاچەند ڕەچاوی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراویانە دەکرێت کە لێیان دەردەچێت، نازانرێت ئەوە کۆنترۆڵ کراوە، چۆن سالانە مەرجی تۆندوتۆڵکردنەوەی ئۆتۆمبێل هەیە دەکرێ بە هەمانشێوە پشکنینی ئۆتۆمبێل بکرێ بۆ بوونی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراوییانە، وەک پزیشێک ئەوە لە کوردستان بەدی ناکەم کە پێویستە هەبێت.
شێرپەنجە دەگەڕێننەوە بۆ ئەو گاز و دەرهاوێشتە زیانبەخشانەی ڕۆژانە لە ئۆتۆمبێلەکان و موولیدە و کارگەکانەوە دەردەچن، هەر بۆیە بەردەوامن لە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە.
د. محەمەد عەبدلوەهاب لە نەخۆشخانەی هیوا بە کوردستان 24 گوت: ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەهێندرێنە هەرێمی کوردستان نازانرێ تاچەند ڕەچاوی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراویانە دەکرێت کە لێیان دەردەچێت، نازانرێت ئەوە کۆنترۆڵ کراوە، چۆن سالانە مەرجی تۆندوتۆڵکردنەوەی ئۆتۆمبێل هەیە دەکرێ بە هەمانشێوە پشکنینی ئۆتۆمبێل بکرێ بۆ بوونی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراوییانە، وەک پزیشێک ئەوە لە کوردستان بەدی ناکەم کە پێویستە هەبێت.
د. محەمەد عەبدلوەهاب لە نەخۆشخانەی هیوا بە کوردستان 24 گوت: ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەهێندرێنە هەرێمی کوردستان نازانرێ تاچەند ڕەچاوی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراویانە دەکرێت کە لێیان دەردەچێت، نازانرێت ئەوە کۆنترۆڵ کراوە، چۆن سالانە مەرجی تۆندوتۆڵکردنەوەی ئۆتۆمبێل هەیە دەکرێ بە هەمانشێوە پشکنینی ئۆتۆمبێل بکرێ بۆ بوونی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراوییانە، وەک پزیشێک ئەوە لە کوردستان بەدی ناکەم کە پێویستە هەبێت.
هاتووچۆش ئاگاداری هەموو ئەو شۆفێرانە دەکاتەوە کە ئۆتۆمبێلەکانیان مەرجی تۆندوتۆڵی نییە و هۆکاری پیسبوونی ژینگەن.
تا دێ ژمارەی تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە لە زیادبوونە و ئامارەکانیش ئاماژە بە ئاستی مەترسی بوون دەکەن، پزیشکانی نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی یەکێک لە هۆکارەکانی توش بوون بە گازی ژەهراوی دەبن، ئەوە بەپێی یاسا کاری ئێمەیە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.
بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕێژەی تووشبون بە نەخۆشی شێرپەنجە لە هەڵکشاندایە، لە پارێزگای سلێمانیش بەراورد بە ئاماری ساڵانی ڕابردوو، ژمارەی تووشبوان زیادیکردوە بە جۆرێک لە ساڵی 2017 لە هەر 100 هەزار کەس 93 حاڵەتی تووشبون هەبووە، بەڵام لە ساڵی 2018 لە هەر 100 هەزارکەس 114 حاڵەتی توشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراوە.

حەوت منداڵەکەی دیالە کە بەسکێک لەدایک بوون مردن

خەبات/سەریە یوسف:

دوێنێ بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستی پارێزگای دیالە هەوالی مردنی حەوت منداڵە بە یەک سک بوونەکەی پارێزگاکەی ڕاگەیاند .
لەو بارەوە، وتەبێژی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی دیالە، بە خەباتی ڕاگەیاند ئەو حەوت منداڵەی دیالە بەداخەوە بەهۆکاری ئەوەی وادەی لەدایک بوونیان پێشکەوتبوو بەشێوەیەک 7 ڕۆژ پێش لەدایک بوونیان هاتبوونە دنیاوە سەرجەمیان گیانیان لەدەستدا.
هەروەها گوتیشی: دایکی منداڵەکان تەمەنی 25 ساڵ بووەو منداڵەکانیش 6 یان لە ڕەگەزی مێ بوون و ئەوی تریان کوڕ بووە.



گوتەبێژی تەندروستیی پارێزگای دیالە ئەوەشی خستەڕوو، دایکی منداڵەکە دۆخی تەندروستی باشە.
هەروەها ڕۆژی 12ی ئەم مانگە هەوالی لەدایک بوونی 7 منداڵ لەپارێزگای دیالەی هاوسنووری کوردستان لە میدیاکانی عێراقدا دەنگی دایەوە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/2/20 ژمارە (5698)
خەبات

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوان پیرۆز دەکات



بەڕێزان .. سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت و هەڤالانی لیژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی 18ی شوبات ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان کورستان ویەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین. لای هەموان ڕوونە هەردوو ڕێکخراوەکەتان، کانگای پێگەیاندنی چەندین سەرکردە وجەباتگیڕ بوون بۆ میللەتەکەمان بۆ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و هەردەم لە پێشی پێشەوەی قوربانیدان و بەرگری و سەرفرازییەکان بوون. وەک چۆن لە رابردوودا، پێشەنگ و سەرەڕمی خەبات و بەرخودان و پێگەیاندنی سەرکردە بوون، لە ئێستا و ئایندەشدا بەردەوام بن لە قوڵترکردنەوەی متمانە بە خۆبوونی گەنجانمان و ساز و ئامادەکردن و پەروەردکردنی زیاتری لاوانمان بۆ بەرگری کردن لەبەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. شان بەشانی ریکخراوەکانی دیکە ، بە چالاکی زانستی و ڕۆشنبیری و قوڵترکردنەوەی بەهای بەرزی خۆشویستنی نیشتیمان و پیکەوە ژیان، ئومێد و بڕوای پتەو زیاتر لە ناخی قوتابیان و لاوانی کوردستان تۆکمەتر بکەن و، بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە بواردجیاجیاکاندا، پاڵپشت و هاوکاریان بن. دووبارە پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەین و بێگومانین کە لە ئاستی چاوەڕوانیی دەبین بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی کارا و چالاک. هەمیشە شاد و کامەران و سەرفرازبن

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

وەزیری ئەوقاف پێشوازی لە کۆمەڵەی قورئان خوێنان دەکات



خەبات . نەبەز ئیسماعیل کەمال: دوێنێ سێ شەمۆ 19ی شوبات لەدیوانی وەزارەت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکارو باری ئایینی بەوەکالەت پێشوازی لە سەرۆک و دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان کرد، لەبابەتی ڕێکخستنەوەی پرسە لەهەرێم، هەر لەدیاری کردنی کات و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرسەو بۆنە ئاینیەکان ، وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند کەوەزارەتی ئەوقاف لەڕێگەی لێژنەیەکی تایبەتەوە چەند ڕێنمایەکی تری پێویست لەئایندەیەکی نزیکدا بۆ لەدیدارێکدا وەزیری ئەوقاف بەخێرهاتنی ئەندامانی کۆمەڵەی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن ، دواتر ڕوونا کی خستە سەر چالاکیەکانیان و دەست خۆشی لێکردن بەتایبەتی لەبابەتی پێگیر بوون بەڕێنمایەکانی وەزارەت

بریکاری وەزارەتی کارەبا پڕۆژەی وێستگەی کارەبای هەڵمی خەبات بەسەرکردەوە



بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان لە پڕۆژەی وێستگەی 300 میگاواتی هەڵمی خەبات سەر لەبەیانی دوێنێ هۆگر شاڵی بریکاری وەزارەتی کارەبا لەگەڵ شاندێکی بالای وەزارەتی کارەبا وێستگەکەیان لە شارۆچکەی خەبات بەسەرکردەوە و، لەلایەن بەڕێوەبەرو لێپرسراوانی بۆسکۆی کۆریای باشور و بەڕێوەبەر و لێژنەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا کە ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی دیوان و بەرهەمهێنانی کارەبا یاوەری بوون لەکۆبوونەوەیەکدا بەشداری پرسە دەردەکات بەئامانجی کەم کردنەوەی ئەرکی کەسی پرسەدارو کەم کردنەوەی ئەرکی سەرشان لەکاتی بوونی پرسە، دواتر تەئکیدی کردەوە کەوەزارەتی ئەوقاف بەردەوام پێداچوونەوە بۆ ڕێنمایەکان دەکات لەبەرژەوەندی هاوڵاتیان. دواتر فۆئاد مەلا ئەحمەد سەرۆکی کۆمەڵە بەناوی دەستەی کارگێڕی و ئەندامانەوە سوپاسی وەزیری ئەوقافی هەرێمیان کرد بۆ هەماهەنگی و هاوکاری بەردەوامی کۆمەڵەی قورئان خوێنان بەلێنیشیان دووپات کردەوە بۆچێ بەچێ کردنی ڕێنمایەکانی وەزارەت تایبەت بەڕێکخستنەوەی بۆنەو پرسە، هەرلەمیانی دیدارەکە لەبەرامبەر هاوکاری بەردەوامی کۆمەڵە دیاری و ڕێزلێنان بەخشرایە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان، ئاگادارییەکی بۆ هاووڵاتیانی ناوەدشت و وارماوا لە سنوری پارێزگای سلێمانی بڵاو کردەوە.

دوێنێ سێشەمە 2019/2/19 ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بە باسنیوز گەیشتووە و تێیدا هاتووە، داوا لەو هاووڵاتییانە دەکەین کە ناسنامەی باری شارستانیان سەر بە هەردوو فەرمانگەی باری شارستانی ناوەدشت و وارماوان لە سنوری پارێزگای سلێمانی، پێویستیان بە وێنەی تۆمار صورەقید یان مامەڵەی تۆماری لەدایکبوونیان هەیە یان ناسنامەیان ونکردووە یان مامەڵەی هاوسەرگیری یان جیابوونەوەیان هەیە سەردانی ئەم فەرمانگانە بکەن بەزووترین کات.

ڕوونیش کراوەتەوە، بەهۆی ئەوەی ئەم فەرمانگانە دەبن بە باسنیوز گەیشتووە، بڵاوی کردووەتەوە کە بڕی 440،11کغم لە پسکویتی سلبن بەهۆی دەرنەچوونی لە پشکنینی تاقیگە گەڕێندرانەوە بۆ وڵاتی ئێران.

دوێنێ سێشەمە 2019/2/19 دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، چەندین کارتۆن لە پسکویت گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران. ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بە باسنیوز گەیشتووە، بڵاوی کردووەتەوە کە بڕی 440،11کغم لە پسکویتی سلبن بەهۆی دەرنەچوونی لە پشکنینی تاقیگە گەڕێندرانەوە بۆ وڵاتی ئێران.

ڕوونیش کراوەتەوە، بەهۆی ئەوەی بەڕواری دەرچوون و بەسەرچوونی بەپێی ستاندارەی عێراقی نییە، بۆیە لەلایەن لێژنەی هاوبەشی دەروازەوە گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران .

پێشمەرگەی فیداکار و خاوەن شەهید ئەحمەد سمایل سێلکی کۆچی دوایی کرد



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژلاوکی:

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناس ئەحمەد سمایل حەسەن سێلکی لە پیرمام کۆچی دوایی کرد دواتر لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و جەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گوندی سێلکی سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو ئەحمەد سمایل حەسەن لە ساڵی 1933 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی سێلکی سەربەدەڤەری بارزان لە دایکبووە، لە ساڵی 1945 ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن، باوک و بنەماڵەکەی بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات و ئامۆزای قارەمانی باب یەزدین سێلکی لەیەکێک لە داستانەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد شەهید دەبێت. خوالێخۆشبوو ئەحمەد سمایل حەسەن لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر دەبێتە پێشمەرگە و لەگەڵ شەهیدی فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی سێلکی لەدەڤەری بادینان خەبات دەکات و ڕۆڵی لە چەندەها داستان هەبووە، باوکی شەهید سمایل حەسەن سێلکی و برای شەهید قادر سمایل حەسەن سێلکی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شەهید دەبن. دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی 1975 ئاوارەی ئێران دەبن و بەهەمان ڕوحیەتەوە دەبێتە پێشمەرگەی گوڵان و لەگەڵ فەرماندە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی سێلکی دێژە بە ئەرکی دەدا، یەکێک لەو پێشمەرگە دڵسۆزانە بووە کە هەمیشە هانی ئاوارەکانی داوە کە خۆراگر بن، لە شۆڕشی گوڵان برازای تێکۆشەرینزمی سوار سەمایل لەیەکێک لە داستانەکان شەهید دەبێت، دوای ڕاپەرین دەگەڕێنەوە کوردستان، هەروەها ساڵی 1996 کەسوکاری مەحیەدین عەبدوڵڵا محەمەد لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر شەهید دەبێت،جگە لە پێشمەرگایەتی کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە، هەموو تەمەنی پڕە لە بەرخودان و تێکۆشان، بنەماڵەکەی خاوەن چەندەها شەهید و ئەنفال، هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی نەمر دەزانی، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی فیداکارئەحمەد سمایل حەسەن سێلکی دوای ئەو هەموو تەمەن و کۆڵنەدانی ماوەی چەند ساڵ تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 86 ساڵی دا کۆچی دوای کرد.

تێبینی: پرسە لە هۆڵی بۆزنەکانی پیرمام لە سەلاحەدین.

سوپاس و پێزانین

بە بۆنەی کۆچی دوایی (بەفرین عەونی) ، سوپاسی بەڕێز بارەگای بارزانی دەکەین بە ناردنی بروسکە و بەڕێز جەنابی کاک (مەسروربارزانی) بۆ پەیوەندی تەلەفۆنیان، هەروەها بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و نووسینگەی بەڕێزان کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک مەسرور بارزانی و وەزیر و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و بەڕێز پارێزگاری هەولێر و بەرپرسی لق و کارگێڕان و ناوچەکان و مەکتەب و دەزگاکان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و دامودەزگا و نوێنەرانی ڕێککراوە جەماوەری و پیشەییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەموو کەسایەتییە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو بەڕێزانە دەکەین کە هاوخەمان بوون و بەشداری پرسەکەیان کرد یان بە پەیوەندی تەلەفۆنی و نامە و بروسکە و میدیای کۆمەڵایەتی هاوخەمی خۆیان دەبڕی. لە خودای گەورە داواکارین دوور بن لە هەموو ناخۆشیەک و خودای گەورە جەزای خێر بداتەوە.

سۆران عبدالرحمن رسول
فەرهاد عەونی
ساسان عەونی

پارێزگای هەولێر ڕاگەیاندراوێک لەبارەی وەڵامنەدانەوەی پەیوەندیی تەلەفۆنیی بەرهەم سالح دەردەکا

پاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایەوە کە بەرهەم سالح بۆ بابەتێکی پەیوەندیدار بە مولک و مالەکانی لە هەولێر، پەیوەندی بە نەوزاد هادییەوە کردووە و وەڵامی نەدراوەتەوە، پارێزگاری هەولێر ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە.

چەند مالپەڕێکی ناوخۆیی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە گوایە بەرهەم سالح لە ماوەی ڕابردوودا بۆ ڕاپیکردنی ئیش و کاری مولک و مالەکانی لە هەولێر، تەلەفۆنی بۆ نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر کردووە، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە.

لە بەرامبەردا دوێنێ سێشەمە 19ی شوباتی 2019 ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دراوە: ئەم هەوالە سەر لەبەری درۆیە و هەڵبەستراوە و هیچ بنەمایەکی نییە و تەنها کارێکی چەواشەکارییە.“

لە حاجی ئۆمەران چەندین کارتۆن پسکویت گەڕێندرانەوە ئێران



موچەی ئەو مامۆستایانە ڕادەگیریت کە بونەتە کەفیلی ئەو هاوڵاتیانەی قستەکانیان نەگەڕاندۆتەوە بۆ گەنجینە

خەبات /سەبریە یوسف: بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پەروەردەی کەلار، موچەی سەرجەم ئەو مامۆستایانە ڕادەگیریت کەبوون بە کەفیلی هاوڵاتیان بۆ وەرگرتنی پیشێنەی هاوسەرگیری و پڕۆژەی کاری بچوک ، بەڵام هێشتا قیستەکانیان لە گەنجینەی گەرمیان ماوەتەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار کەوێنەیەکی بە خەبات دراوە هاتووە موچەی سەرجەم ئەو مامۆستایانە ڕادەگیریت کەبونەتە کەفیلی هاوڵاتیان ،بۆ وەرگرتنی پیشینەی هاوسەرگیری و پڕۆژەی دیکەو تا ئێستا قیستەکانیان ماوەتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان ڕادەگیریت تا ئەو کاتەی قیستەکانیان دەدەنەوە. بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان لەماوەی 4 ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایەوە نەیتوانی قستی پێشینەی هاوسەرگیری لە هاوڵاتیان وەربگرێتەوە کە بۆ پێشینەی هاوسەرگیری و پڕۆژەی کاری بچووک ، وەریان گرتبوو بەڵام ئێستا دەستیان کردوە بەهەڵمەتی وەرگرتنەوەی ئەو پارانەو بەخشینی بەکەسانی تر.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٣١١٦٥٧ بەرووار ٢٠١٣/٤/١ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی فرهاد برکان احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ زاخو

العدد: ١٥٩/تنفيذ/٢٠١٨
التاريخ: ٢٠١٩/٢/١٩

اعلان قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع العقار المرقم ٣٥٠/١ مقاطعة ١١ اشكفت مارا الواقع منطقة زاخو و المسجل باسم المدين (انس ميكائيل حسن) و المحجوز لقاء دين الدائن (مهفان مدحي مصطفى) والبالغ ٥٥٥٧٥٠٠٠ خمسة وخمسون مليون و خمسمائة و خمسة وسبعون الف دينار عراقي.

فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ٣٠ ثلاثون يوم تبدأ من اليوم التالي للنشر مسطحا معه التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة والبالغة ٥٥٠٠٠٠٠ خمسة ملايين وخمسمائة الف دينار وكذلك جلب شهادة الجنسية العراقية علما ان رسم التسجيل والدلالية تقع على عاتق المشتري.

المواصفات:
١- الموقع/زاخو
٢- الرقم ٣٥٠/١ مقاطعة ١١ اشكفتة مارا
٣-الجنس والنوع/دار سكن
٤- الحدود والاوصاف: دار سكني يشمل طابقين: الطابق الاراضي: يتالف غرفة نوم واستقبال وهول ومطبخ ومرافق صحية والطابق الاول يتالف من: غرفتي نوم وهول ومطبخ و حمام ومرافق صحية.
٥- المساحة: ١٢٥م٢

المنفذ العدل
لقمان سامي جميل

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٢/١٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئارۆس) لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکە و نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- دوودانە تاوەر کرێنی بەردکن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥٠.
٢- رافیعەی بەرزکردنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- بڕینی مەڕمەڕ و حەلان بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری ئەلماسی توانای K.W٥,٥.
٤- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/ ١٥٤٥٦ دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢١.
٥- مجموعەی دارتاشی کامل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٦- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٧- قەوس کردنی شیش و بۆری ژمارە/ B٥٥٩٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ ٣*B٥٢٤٣ .
٨- بڕینی شیش و بۆری ژمارە/ ٣٥٦١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤*٢ دووەم ٢٧٦١.
٩- هەزەی کەپس کردن ژمارە/ ٩٠٤٣٥/٩٨٠ دروستکراوی بریتانی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥. K.V.A٢٠٠ ٢٠١٤ دووەم
١٠- دەمبەری گواستنەوەی مواد ژمارە/A١٤٠٤٣ دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٤ توانای ٢ طن.
١١- دوو مۆلیدەی کارەبایی کاتم ژمارە/٧٨١٥٦٦٢٣ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.V.A١١٠ ئەکساکاتم ٨٠٧١٥٢٩٧.
١٢- دوو مۆلیدەی کارەبایی کاتم ژمارە/ ٢١٠١٢٢١ دروستکراوی سویدی سکانیت مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.V.A٦٠٠ کاتم تانکی گاز

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ
سەرۆکایەتی دادگای گومرگی هەولێر
نوسینگەی داوا گومرگیەکان

ژمارە: ٦٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٤

بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ شوان رحیم علی و غزوان خضیر مهدی
ئاگادارکردنەوە

ئامازە بەداوای ژمارە (١٦/گ/٢٠١٦) تۆمەتبارانی هەڵاتوو (شوان رحیم علی و غزوان خضیر مهدی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگای کردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە (دادگای گومرگی هەولێر) لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٧ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی (١٩٢) لەیاسای گومرگی ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٤ هەموارکراو بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ حسن علی مراد امین
سەرۆکی دادگا

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/دهشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٢/١٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر مۆلکی ژمارە ٢١/٢٣٥٩ ك ٧٢ دارەتوو کە کەوتوتە دارەتوو دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار زاهیر سلیمان حمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی سردار عثمان حسن بەبڕی/ ١٥٥,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / پێشرەو باوەمەردەی
١ – شوێن و ژمارەی/ ٢١/٢٣٥٩ ك ٧٢ دارتوو
٢ – ڕەگەزو جۆری/ بالەخانە
٣ – سنوورو ئاگاداری/ لەتۆماری هەمیشەی هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ بالەخانەی دوونهۆمی و نهۆمی یەکەم لە (٧) حەوت دووکان پێك دێت نهۆمی دووەم لە هۆلێکی گەورەی وەرزشی پێك دێت لەبلۆك سقف مسلح کۆنکۆیت دروستکراوە
٥ – ڕووبەرەکەی/١٢٥م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کرێ چی تێدا نیشتە جێیە
٨ – نرخی قرساو/ ٢١٠,٠٠٠,٠٠٠ دووسەدو دە ملیۆن دینار.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٩/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/١٤

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی مولکی شارەوانی بۆ دروستکردنی (کۆمەڵگای پزیشکی) لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/١٠١٩٢)ك ٨٦ بنەسلاوە) بەرووبەری ٢٦٨٩,٣١م٢ بەکرێی ساڵانەی خەمڵێنداراو (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بەمزایدەی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی/ ١٩٨٦ی هەموارکراو ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرکۆلەیەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٠ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزەو نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیاریکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەمڵێنداراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی/
میلاکات

ژمارە: ١٥٩٠/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٣

بۆ/ بەڕێزان لە سەرۆکایەتی شارەوانی عەنکاوە

١- ڕیڤا صلیوا گورگیس ناونیشان/ ئەندازیاری پێشکەوتوو ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆلەتی بێ مووچە/ ٢/١/٢٠١٩.
٢- فادی بویا شابو ناونیشان/ فیزیاوی ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆلەتی بێ مووچە/ ٢/١/٢٠١٩.

***

ئاگادارکردنەوە

لەو ڕێکەوتانەی کە بەرامبەر ناوەکانتان دیاری کراوە مۆڵەتی بێ مووچەتان تەواو بووە تاکو ئێستا دەستان بەکارنەکردۆتەوە ئاگادارتان دەکەینەوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەنەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەتان دینین.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٥/٤٢٦٣
ڕێکەوت/٢٠١٩/٢/١٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مۆلکی ژمارە ٢٤/١٦٠ کە کەوتوتە کەرتی ٩٨ قلمان دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شیرکو عابد محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی غازی محمد علی میکائیل بەبڕی/ ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٤/١٦٠ ك ٩٨ قلمان
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی شێوازی ڤیلا لە دوو نهۆم هەر نهۆمێك پێك دێ لە هۆڵی پێشوازی وە هەشت ژوورو چوار حمام و چوار مطبخ گەورە وە باخچە و وە مەلەوانگە.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠١٨,٢٤ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٩٣٠,٠٠٠,٠٠٠ نۆ سەدو سی ملیۆن دینار.

***

سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولکایەتی

ژمارە : ٣٩٥
ڕێکەوت : ٢٠١٩/٢/١١

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە ((٩)) لە بلۆکی ((٣٦٢)) لە گەرەکی بانە دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە تاکوو ماوەی ((٣٠ سی ڕۆژ)) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسولەیە هەیە سەردانی شارەوانیمان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .

تێبینی : تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار

ئەندازیار/ امیر فاخر جادر
سەرۆکی شارەوانی سۆران

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٤١ /ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ١٨ / ٢ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : سوزان فخری صادق

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤١ /ش/٢٠١٩) بکەتنا تەلاقا داواکاری (صالح یوسف صالح) ژ تە بەرامبەری ڤی دادگەهی ل (٢٠١٩/٢/١٤) و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت وپێدا چوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٥
ژمارە : ٢٤٦٠ / ب / ٢٠١٨
بەروار : ١٢ / ٢ / ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار : نەبەز جمال حارس
داوالەسەرکراو : مصطفى عبدالله محمد کاراکاش

بۆ داوا لەسەر کراو بەناوی (مصطفى)

داواکار(نەبەز) داوای ژمارە (٢٤٦٠ / ب / ٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٥ کە تیایدا داواەکات کە بریار بدرێت بە جێبەجێ نەبوونی (عدم نفاذ تصرف) تایبەت بەو تصروفانەی کە داوا لەسەرکراوی یەکەم (مصطفى عبدالله محمد) ئەنجامی داوە بۆ داوالەسەرکراوی دووەم (بەرێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای سپاران) وێڕای سهومەکەی لەگەڵ ئەستۆگرتنی هەموو خەرجی داراییەکەی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆ و مۆری موختاری گەرەکی (کوردسات) بۆ یە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لە ڕێگەی بریکارێکی یاسایی لە دادگا لە ڕۆژی دادبینی کە دەکاتە ڕۆژی (١٧/ ٣/ ٢٠١٩) کاتژمێر (٩:١٥) ی سەرلەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بریار دەردەکات بەرامبەرت .

دادوەر / د.ماجد رشاد محمد

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٣٠ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ١٨ /٢/٢٠١٩

راگەهاندن

بو/داوالێکراو (سیف الاسلام میشاق ناجی) ل دیف داخازیا داواکار (دالیا مهند عبدالمجید) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا (لێك جوداکرنێ) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ گەرکی زانکو ل سێمێلێ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڕۆژا ٢٠١٩/٣/٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

القاضی / زیرڤان احمد حسین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٥٤٢ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/١٩

پێڕاگەهاندن

بۆ / قەردار (محمد شفیق ابراهیم)

ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (جبری) بین

هلات عبدالکریم محمد / (جێ بەجێ کاری داد)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/٤١٦٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٨

ئاگاداری

بۆ/ کۆمپانیای Arabuil CO.S.A.R.L
سەرەرای کارەکەی

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بریاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (کۆمپانیای الحیدری) کە بڕی (٢٤,٨٥٧,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوك
سەرۆکاتیا باژێرڤانییا سێمێلێ

ژمارە: ٣٢٥/٢٦/٣٤٣/٦٤
میژوو: ٢٠١٩/٢/١٧

ناگەهداری

لدیڤ نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٩٣٨٢) ل ٢٠١٨/١١/١٨ و نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشە دانان ئەڤدانێ ل دهوکێ یا ژمارە (٢٣١٤) ل ٢٠١٨/١١/١٢ سەبارەت نەخشێن ستی سەنتەر یێ باژێرڤانیا سێمێلێ ییّن هاتینە دروستکرن دگەل بەرچاڤ وەرگرتنا نەخشێن هاتینە دروستکرن بو هەمان دەڤەرا ژ لایێ کۆمپانیا (فوسینك) یا ئەڵمانی ڤە ئەڤجا ئەم نەخشێ (ستی سەنتەرا سێمێلێ) رادەگەهێنن و هەر دەستگایەکێ میری یانهەر هاوەلاتییەکی پێشنیارەك یان بەرهەنگاریەك هەبیت ژ بو گهورینا ئەڤی نەخشەی یان نەرازیبوون لسەر دانانا ئەڤی نەخشی بلا داخوازیا خو پێشکێشی سەرۆکاتیا باژێرڤانیا سێمێلێ بکەت دماوێ یاسایی دا (٣٠) ڕوژا ژ میژوویا دەرکەفتنا ئەڤێ ئاگەهداریێ پشتی بورینا ئەڤی ماوەی هیچ داخوازی ناهێنە وەرگرتن و گەل چ پێشنیار یان بەرهەنگاری پەیدا نەبوون ئەڤ نەخشەی دێ هێتە پەسندکرن.

ئەندازیار: گلبهار حیدر خلف
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا شاریا ب وەکالەت

***

سەرۆکاتییا باژێرڤانیا شاریا
کارگێڕی

ژمارە: ٧٠
میژوو: ٢٠١٩/٢/١٧

بو بەڕێز/مجید حسن عبو

ترسادن

ژ بەر نەهاتنا تە بۆ سەر کارێ خو ل ڕوژا ٢٠١٩/٢/١٠ ئاگەهداریا هەوەبێن هێژا دکتەبن کو دەست بکارێ خو بکەیێ ل سەرۆکاتیا باژێرڤانییا مە ژ ڕوژا ئاگەهداریا مە بو دەمێ (٧) ڕۆژا ئەگەر تو ل سنورێ هەرێما کوردستانێ یێ و ئەگەر ژ دەرڤەی سنورێ هەرێما ی بۆ دەمێ (٣٠) ڕۆژا، و بەروڤاژی ڤێ چەندی دێ ڕێنایێن یاسایی وەرگرین وهێبە ژ دەست کێشان ژ کاری (فصل) ل دیف برگا (١) ژ بەندێ (٣٧) ژ قانونا خزمەتا باژێری یا ژمارە ٢٤ل سالا ١٩٦٠ یا راستکری، و ئەڤ ترسادنە وەك هۆشداریا دوماهیێ یە، بۆ زانین هیڤی یە.

ه. ر.هونەری/بیار رشید میرزا
سەرۆکێ باژێرڤانیا شاریا ب وەکالەت

***

وەزارەتی تەندروستی سەنتەری تەندروستی گشتی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

ژمارە: ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٨

بۆ/ بەڕێز بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاسیا ئیکۆ

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئارۆس) لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکە و نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:
١- تصفیەکردنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٢- تصفیەکردنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٣- تصفیەکردنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٤- تصفیەکردنی کەپەك غسالە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠. یەك خشن غسالە وورد
٥- غەربیلی جیاکردن و پاککردنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٦- تصفیەکردنی سمیر ئارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٧- جەك فلتەری پاوەدری ئارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٨- هەزازی پاوەدری ئارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٩- میزانیەی کێشانی ئارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
١٠- قەپانی کێشانی باری بارهەڵگر بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٥٠ طن.
١١- فلتەری تصفیەکردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
١٢- مۆلیدەی کارەبایی گاز سکانیا ژمارە/١١١٥٩٣٤ دروستکراوی سویدی توانای K.V.A٢٥٠.
١٣- دوو کۆمپرێسەری هەوایی ژمارە/ ARP٧٧٧٨٨١ دروستکراوی بلجیکی مۆدێل ١٩٩١ توانای K.W١٥ ARP٧٧٧٨٨٢ سێ پارچەیی
١٤- سفتەری بێژینگ کردنی ئارد ژمارە/ KE١٠٠٥٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ١٢٨٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سفین عبدالقادر سایل) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل / تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەروری ٢٠١٩/٢/١٩

ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الاذکیاء) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامێری تاقیگە و زانستی و پێداویستیەکانی خوێندنگەی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ صاحب شنوت یاسین
ناونیشان/ هەولێر- امپایەر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٩٣٤٨٠٦

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٦١٥/ج/٢٠١٦
بەروار: ٢٠١٩/١/١٥
ئاگاداری
تاوانبار/ شوان حمد احمد
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٦١٥/ج/٢٠١٦ لەرۆژی ٢٠١٩/١/٩ بڕیاری دا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان بەو پێیەی کە لەرۆژی دادگای کردندا ئامادەنەبویت هەرچەندە ئاگادارکراویتەوە وە بە هۆی هەلاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارمان دا بەئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جبار احمد امین
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٢٤١/ج/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٢/٣
ئاگاداری
تاوانبار/ پێشەوا جمعە کریم
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢٤١/ج/٢٠١٧ لەرۆژی ٢٠١٩/١/٢١ بڕیاری دا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی ماددەی (١/٤٥٦/أ) لەیاسای سزادان بەو پێیەی کە لەرۆژی دادگای کردندا ئامادەنەبویت هەرچەندە ئاگادارکراویتەوە وە بە هۆی هەلاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارمان دا بەئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جبار احمد امین
* * *
دادگای کەتنی لە رانیە
ژمارە: ١١٤/ج/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عرفان احمد نادر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٧) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بیتوین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جبار احمد امین
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٤٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٢٧
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (مامە أبوبکر کاکەمند) لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣) لەیاسای هاتووچۆ وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٥٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٨
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (صباح نورالدین صلاح) لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٢١١/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رواء حسین أمین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٧٢٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد هاشم غفور
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٩١/ك/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٨/١٢/٥
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (حارث محمد محمود طە) لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٧/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٣٩١/ك/٢٠١٥ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٦٥١/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٨/١٢/٥
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (مصطفى عبدالحمید نوری ابراهیم) لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٦٥١/ك/٢٠١٣ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٦٨٤/ك/٢٠١٢
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (خلیل ابراهیم احمد محمد) لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٦٨٤/ك/٢٠١٢ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٠٦/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (مروان مهند توفیق) لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٨/٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ١٠٦/ك/٢٠١٣ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٣٤/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (طلب لطیف حسن محمد) لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٤٣٤/ك/٢٠١٣ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ٢/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٤٨/ك/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (مشتاق عباس کاظم عبد) لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٨/٩/٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٢٤٨/ك/٢٠١٥ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢٣ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی شەش مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٣٤/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/١/٧
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (ئاسۆ محمد علی محمد)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/١٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە: ١٣٤/ك/٢٠١٦ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەگوێرەی م/ ١٢ برگەی یەکەم لەیاسای ڕێگا گشتی یەکان هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٢ حوکم درا بە سەرتا بە غەرامەکردن بەبری (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی (اعتراضت) هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر / مهرەبان احمد حسن
* * *
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١١٦/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (فرحان حسن کاکە علی)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (حسار) کە تیایدا (موسی یوسف صورو) سکاڵای لەسەرت تۆماکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بهێنن بۆ بەردەم دادگا لە رۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، بەپشت بەستن بە ئحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان.
دادوەر/ مهرەبان احمد حسن
* * *
دادگای کەتن لە پشدەر
ژمارە: ٢٢٧/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٢٦
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری راکردوو/ مهدی رحیم میکایل کە پێشتر دانیشتووی (قەلادزێ- ئاشتی) بوویت و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٨/٧/٢٩ ئامادەنەبوویت سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە نائامادەیی و ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ٢٢٧/ك/٢٠١٧ و بڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێی بەشی (٢/٢١) لەیاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ دیاری کردنی سزاکەت بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٢ دوو مانگ.
و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووەو پێویستە خۆت رادەستی نزیك ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بڕیارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبری) وەردەگرێت.
دادوەر/ بەختەوەر صابر سعید
* * *

mselect.

بابەت /ئاگاداری
کۆمپانیای MSELECT پێویستی بە کارمەندی (Project Controls - Planning/Scheduling) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Review of Contractors' baseline schedules; confirm schedules are complete and identify key concerns.
- Lead review and tracking of progress reporting. Track progress of Owners Team led activities (Cabins and IT/CCTV equipment installation).
- Identify schedule key areas of concern.
- Supports Cost Control.Works closely with Field Execution Cost Control team member to confirm Value of Work Done (VOWD) is consistent with progress claimed in Contractors' invoicing.
- 10+ years' experience working in the industry. 5+ years of construction or project execution scheduling. Must speak English and Kurdish.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە ماڵپەری www.mselect.iq ژمارەی کار: 1428
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگاداریە.

بابەت /ئاگاداری
کۆمپانیای MSELECT پێویستی بە کارمەندی (Construction Representative) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Monitor and assess daily execution and progress of all contract construction work being performed in the field. Reviews work plans, provides suggestions, observes, coaches, inspects, tracks and reports.
- Verifies and validates contractor daily work tickets and assist with cost tracking and schedule planning. Interfaces with multiple contractors, drilling & completions and the field-based execution team, including simultaneous operations.
- Provides visible leadership and commitment to operational excellence, health, the environment and the safety of people and equipment.
- Supports the implementation of a fatality prevention program.
- Stewards the field execution of HES programs and processes.
- Reviews JSA's and work permits developed by the contractors.
- Verifies and validates adherence to company HES expectations and contractor safety procedures.
- Participates in key meetings and engagements with contractors and the project team.
- 10+ years' experience in the industry. Must speak English and Kurdish.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە ماڵپەری www.mselect.iq ژمارەی کار 1343
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگاداریە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

تعلن جمعيه الهلال الاحمر العراقي بالنيابة عن الصليب الأحمر النرويجي عن اجراء مناقصه تجهيز معدات طبية وحسب الجدول والشروط التي يمكن الحصول عليها من فرع جمعية الهلال الاحمر العراقي في أربيل الواقع على شارع الثلاثين مقابل فندق فريد.
اخر موعد لقبول العطاءات الساعه الثالثة بعد الظهر من يوم الثلاثاء ٢٦ شباط ٢٠١٩.
على مقدمي العطاءات المؤهلين من الشركات والمكاتب المختصه بتجارة وتجهيز المواد المطلوبة تقديم عطائهم داخل ظرف مختوم يودع في صندوق العطاءات في فرع جمعية الهلال الاحمر العراقي في أربيل ويهمل اي عطاء غير مستوفي الشروط.
للإستفسار الرجاء الإتصال على٠٧٥٠٣٨٤٧٠٥٧
ولا تتحمل الجمعية أي مسؤولية قانونية أو مالية عن إجراء التعاقدات ويكون إختيار الشركات والدفع من قبل الصليب الأحمر النرويجي.

بۆچی داهاتی بەکاربەر بە کلیلی بازاڕ هەژمار دەکرێت..؟

بەکاربەر کێیە..؟ ڕەفتارەکانی چین..؟ پەیوەندی نێوان کاڵا و بازاڕ چییە..؟

کلتوور و ئایین و نەتەوە کاریگەرییان لەسەر ساغکردنەوەی کاڵاکان هەیە

دیمانە: ئاشتی شەهباز

بەکاربەر ئەو کەسەیە کە سەرجەم کاڵاکانی بۆ دروستکراوە، بازاڕیش ئەو شوێنەیە کاڵاکانی تێدا ساغ دەکرێتەوە پێداویستییەکانی بەکاربەر و بەرهەمهێن دەستەبەر دەکات، ژینگەی بازاڕ لەگەڵ ژینگەی بەکاربەر تا چەند لەیەکەوە نزیکن و هۆکار و کاریگەرییەکانی سەر هەردوو ژینگەکە چین..؟ ژیانی هاوولاتیان لەنێوان بەکاربەر و بەرهەمهێندا تاچەند پارێزراوە..؟ ئەوانە و چەند پرسیارێکی دیکەی خەبات، دەشتی حوسێن عەلی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە جوگرافیای ئابووری لەم دیمانەیەدا وەڵامیان دەداتەوە و خاڵە گرنگەکانی ئەو دوو ژینگەیە و ئەو هۆکارانەش باس دەکات، کە تاک چۆن مامەڵە بکات بۆ ئەوەی ژیانی پارێزراوبێت .





پرۆفایل :

دەشتی حوسێن عەلی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەهیندستان لە زانکۆی پونا لەساڵی 2012-2013، بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئادابە بەشی جوگرافیا، ماستەر لە جوگرافیای ئابووری، مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی شەقلاوە سەر بەزانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر و وانەبێژ لەهەمان پەیمانگا کە وەک مامۆستایەکی خۆبەخش لەدوای دەوامی ئێواران وانە دەڵێتەوە.

دەشتی حوسێن عەلی لەسەرەتای دیدارەکەیادا دەڵێت: دوو هۆکار هەن وەک پاڵنەر بۆ بەکارهێنانی ئەو کاڵایانە، ئەو دوو هۆکارەش دابەشی سەر دوو بەش دەبن، یەکەمیان ئەو کاڵایانەن کە مرۆڤ بەردەوام و ڕۆژانە پێویستیەتی و ئەوەیتریان بەکاربەر بەشێوەیەکی کاتی پێویستی پێی دەبێت نەک بەردەوام، بەشی یەکەمیان وەک نان و ئاو و خۆراک، کە لەوەیاندا هەموومان هاوبەشین لەکڕینیدا و وەکو یەک پێویستمانەو بە ئاسانیش لە بازاڕەکاندا دەست دەکەوێ و بازاڕی داپۆشیووە و بە بەربڵاوی لە هەموو شوێنێک هەیە. بەشی دووەم کە هەندێ کاڵا هەن و بەشێوەی کاتی تاک پێویستی پێی دەبێ وەکو زێر بۆ نموونە، کە بەکاربەر هەموو کات پێویستی بەکڕینی نییە تەنها لە بۆنەی هاوسەگیری نەبێت یاخود هەندێ بۆنەی دیکە، هەندێ کاڵای دیکەیش هەن کە ئاڕەزووەکانی مرۆڤ داوای دەکات، ئەویش جوانکارییە، جا چ بۆخودی خۆی بێت یان بۆ جوانکردنی ناومااڵ و ئۆتۆمبێل و...هتد، ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی شتە لاوەکییەکان، کە مرۆڤ بەبێ ئەو کاڵا لاوەکیانە دەتوانێ بژی، بەڵام بەبێ پێداویستییە ڕۆژانەییەکەی ناتوانێ بژی.

دەشتی حوسێن عەلی لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەیدا هۆکارەکانی کڕینی کاڵا بە کۆمەڵێک هۆکار پۆلێن دەکات و دەڵێت: تەمەن، توخم، پیشە، ئاستی ڕۆشنبیری تاک ئەو پۆلێنانەن کە هۆکاری سەرەکی کڕینی کاڵاکانن، تەمەن بەو واتایەی هەر تاکێک بەپێی تەمەنی خۆی کاڵا دەکڕێت بۆ نموونە جلوبەرگ. توخم واتا جیاوازی ئەو کاڵایانەی کە بۆ پیاوان شیاون و ئەوانەی تایبەتن بەژنان. پیشە دیسان واتا ئەو جلوبەرگانەی کە کرێکارێک دەیپۆشێ یان پزیشک و ئەندازیارێک جیاوازن و هەر تاکێک بەپێ پێویستی خۆی و پیشەکەییەوە کاڵا دەکڕێت، گرنگترین خاڵیش ئاستی ڕۆشنبیری بەکاربەرە کە ئایا لە بڕ و قەبارەدا چەند دەکڕێت..

ڕۆڵی بۆنە و نەریتەکان لەسەر کاڵا و لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا بەشێکی دیکەی دیدارەکەمان بوو، دەشتی حوسێن عەلی وەک کەسێکی تایبەتمەند لە جوگرافیای ئابووری دەڵێت: هەندێ بۆنەی تایبەت بەنەتەوە هەن و لە جلوبەرگیشدا بەهەمان شێوە، بۆ نموونە جیاوازی لەجلی کوردی لەگەڵ جلی نەتەوەی عەرەبدا هەیە، هەروەها هەندێجار ئایین تاک ئاراستە دەکات بۆ بەکاربردنی کاڵای جیاواز، بۆ نموونە موسڵمانێک گوشتی بەراز ناخوات و لێی حەرامکراوە، بەڵام لە ئایینی کریستیانەکان ڕێگەپێدراوە بەکاردەهێندرێت، کەواتە کلتوور و ئایین و نەتەوە کاریگەریان لەسەر ساغکردنەوەی کاڵاکان هەیە، هەروەها هەندێجار کاریگەریبە سلبییەکانی جەنگ و کارەساتی سروشتی و گۆڕانی سەردەم بەکاربەر ئاراستە دەکات و خواستی بەکاربەر دەگۆڕێت بەپێی پێویستی قۆناغەکان .

دەشتی حوسێن عەلی دەشڵێت: جگە لەوانەی باسمان کرد بارودۆخی سیاسی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشی ئابووری و دواجار لەسەر داهاتی تاک و پڕۆسەی بازرگانی، کە هەرلەسەرەتای ژیانەوە هەبووە، بەڵام پێ بەپێی گۆڕانکارییەکان و چوونە پێشەوەی ئەزموونەکان و قۆناغەکانی ژیان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، واتا داهاتی بەکاربەر وەک کلیلی بازاڕ هەژمار دەکرێت .

لە تەوەرێکی دیکەدا دەشتی حوسێن باسی لە شێوانی بازاڕ کرد و گوتی: کاتێک بازاڕ شێواوە و خەڵک متمانەی نەماوە و دڵنیانییە لەوەی بەردەوام ئەم کاڵایەی پێویستیەتی لە بازاڕەکان هەیە یاخود نا، ئەو بازاڕە بە شێواو هەژمار دەکرێ، ئەوەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بەرجەستە بووە، بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیە ناجێگیرەی کە هەیەو وادەکات بەکاربەر زیاتر لە پێویستی خۆی ئەو کاڵایانە بکڕێت کە پێویستی ڕۆژانەی ئەون، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان لەسەر هاونیشتمانیان، ئەگەر بەکاربەر دڵنیابێت لەوەی کە بەیانیش هەمان کاڵای لەبازاڕ دەستدەکەوێت، بەپێی پێویست بڕی ئەو کاڵایە دەکڕێت، نەک زیاتر، بۆ نموونە خەڵکێک لەوەرزی هاویندا نەوتیان دەکڕی بۆ زستان، کە ئەمە لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا بوونی نییە یان زۆر دەگمەنە، یاخود لەلای خۆمان لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز کاڵاکان نرخیان دەچێتە سەرەوە، ئەمەش بەهۆی خواستی بەکاربەرە، بازاڕ واتا خواست و خستنەڕوو (عرچ و گلب)، کەچی لە وڵاتان لە بۆنەکاندا نرخەکان دادەبەزێنن بۆ ئەوەی هەموو تاکێک بتوانێت سوودمەندبێت و لەقازانجی بەکاربەرو فرۆشیارە .

دەشتی حوسێن عەلی کاریگەری بارودۆخە سیاسییەکان بە یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانە دادەندرێت کە کە کاریگەرییان لەسەر بازاڕ و بەکاربەر هەیە، ئەو دەڵێت: لە هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991و دوای گرانییەکەی بازاڕ، لە ساڵی 1995 بڕیاڕی ژمارە 986لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، کە بە بڕیاری نەوت بەرانبەر بە خۆراک ناسراوە، هەروەهاش دۆخی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەبێ بزانین چ جۆرە کاڵایەک بەکاردەهێندراو دواتر چ جۆرێکیتر ڕووی لە کوردستان کردو چ گۆڕنکارییەک ڕوویدا، واتا ئەو بارودۆخانە بوونە هۆکار لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر واتا پێشتر بەکاربەر چی دەکڕی و دواتریش کە شەڕی تیرۆریستانی داعش دروست بوو لەساڵی 2014ەوە تا کۆتایی ئەو شەڕە و گۆڕانکاری لەسەر پەیوەندییەکانی حکوومەتی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر موچەخۆران بەتایبەت هاتەکایەوە، بارودۆخی تاک و ژینگەی بازاڕ بەتەواوی گۆڕاو خەڵک وای لێهات ڕوو لە شتی هەرزان و کوالێتی نزم بکاتەوە، کە لە پێشدا داهاتی تاک و بازاڕ بەڕەو باشبوون دەچوو.

لە بەرانبەر ئەو پرسیارەی ئایا بەکاربەر پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆژانەی بکات؟ دەشتی حوسێن دەڵێت: بەکاربەر پێویستە ئەو بڕە بکڕێت کەڕۆژانە پێویستیەتی بەتایبەت خۆراک، کە تەمەنی کورت و دیاریکراوەو وەک کاڵای دیکە نییە، کڕینی بڕی زیادە لە خۆراک وادەکات نرخی کاڵاکان لەبازاڕدا بەرزبێنەوە، هەروەهاش تێکچوونی خۆراکەکەو فڕێدانی و بەهەدەردانی سامانەکەیەتی، کە لێرەدا پێویستە تاک وشیاری هەبێت لە پێداویستییەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی کاڵا لە بڕ و قەبارە و لەکاتی گونجاودا بیکڕێت .

ئێمە لە دەشتی حوسێن عەلی دەپرسین دۆخی ئێستای بەکاربەر چۆنە ؟ ئەو دەڵێت: ئێستا بەکاربەری کوردستان باشتر دەبینم لە جاران، بەهۆی کرانەوەی بەرووی جیهاندا و هەروەها لە ڕێگای بەکاهێنانی ئامرازە ئەلکترۆنییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری تاک دەربارەی بازاڕکردن، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە کە بتوانێت (تەحەکوم) بەبازاڕەوە بکات، وەک چۆن لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە، وشیاری تاک وایکردووە هیچ فرۆشیارێک نەتوانێت بە ئارەزووی خۆی یاری بەنرخ بکات .

ئایا ئەو بەرهەمانەی دەهێندرێنە ناو هەرێمی کوردستان جێی دڵنیایین؟ ئەو پرسیارە دوایین تەوەری دیدارەکەمان بوو لەگەڵ دەشتی حوسێن عەلی، ئەو لە وەڵامدا گوتی: هەر کاڵایەک لەدەروازە سنوورییەکانەوە بێنە ناو هەرێم بێگومان جێگەی دڵنیایین، چونکە چاودێری دەکرێن، بەڵام وا پێویست دەکات بەکاربەر وشیاربێت و ئەو کاڵایانە نەکڕێت، کە بە شێوەی نایاسایی دەهێندرێنە ناو کوردستان، بۆ نموونە دەرمان کە جێی دڵخۆشییە کەوا لۆگۆی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانی لەسەرە، یەکێک لەدەزگا گرنگەکانیش ڕاگەیاندنە، کە دەتوانێت تاک وشیار بکاتەوە لەوەی بەکاربەر پێویستە چی بکڕێت، بۆچی و بڕی چەند و لە کوێ بیکڕێت، کاتێک تاک ئەو پرسیارانەی لەخۆی کرد دەتوانێت بەشێوەیەکی پارێزراوبێت، یەکێک لە دەروازە هەرە گرنگەکانی بەکاربەر خودی خۆیەتی ئەوەیش وشیاری تاکە لەبەرامبەر کڕینی کاڵا کە ئایا بۆچی و چ جۆرێک و بەچەند و لە کوێ دەیکڕێت .؟

جوتیارانی دەشتی شارەزوور سەرقاڵی چنینەوەی بەربوومی تووری ئەمساڵیانن

خەبات: سلێمانی

دەشتی شارەزوور (لە سنووری هەڵەبجە) بە یەکێک لە خاکە پڕ بە پیتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنرێت و ڕووبەرەکەی دەگاتە **500** هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی، بەجۆرێک خاکەکەی بۆ چاندنی هەموو جۆرە بەروبوومێکی کشتوکاڵ سەرکەوتوو بووە و ساڵانە بڕێکی زۆر دانەوێڵە و سەوزە لەم خاکەدا بەرهەم دەهێنرێت. جۆرەکانی سەوزە بە گشتی و تووربە تایبەتی بەربوومێکی گرنگی جووتیارانی دەشتی شارەزوورە ، بە تایبەت لە میانی ئەم ساڵانەی دواییدا جووتیارانی ناوچەکە لە وەرزی زستاندا چەندین جۆر تووربەرهەم دەهێنن و بۆ ساغکردنەوەی ڕەوانەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیشی دەکەن. گوندی تەپەتۆڵەکە یەکێکە لە گوندەکانی دەشتی شارەزوور و بە بەربوومی تووربەناوبانگە، بە گوتەی جووتیارانی گوندەکە ساڵانە **600** تا **700** تۆن تووربەرهەم دەهێنن. تووربەربوومێکی پایبزە و زستانەیە و لە زستاندا وەرزی چنینەوەی تووربە هەرێمی کوردستان.



ئەنوەر ئەحمەد محەمەدی تەمەن **36** ساڵان جووتیارێکی گوندی تەپەتۆڵەکەیە و لەگەڵ هاوکارەکانی لە بەردەبەیاندا دەچنە سەر زەوییەکەیان و دەست بە هەڵکەندن و چنینەوەی تووربەر دەکەن کە ئەمساڵ بەرهەمیان هێناوە ، دواتر لە ئاوی کیانیاوێکی جوانی ناوچەکەدا دەست بە شۆردنەوەی تووربەکە و پاککردنەوەی لە قوڕ و پیسی دەکەن پێش ئەوەی ڕەوانەی بازاڕی بکەن .

ئەنوەر لە لێدوانێکیدا گوتی: " دوای ئەوەی بەیانییان زوو دەچینە سەر زەوییەکانمان و دەست بە هەڵکەندن و کۆکردنەوەی تووربەکانمان دەکەین، دەیهێنینە ئەم ئاوە پاکە کە ئاوی کانییە و سەرچاوەکەی لە ئاوی زەڵمەوەیە بە جوانی دەیشۆینەوە و پاکی دەکەینەوە، پاشان دەیکەینە عەلاگەی گەورە و ڕەوانەی عەلوەی هەڵەبجە و سلێمانی دەکەین".

ستار مەحمود گوتی: "ساڵانە جووتیارانی دەشتی شارەزوور بڕێکی زۆر تووربان هەیە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئێمە **420** دۆنم زەوی بە تووربە و **290** دۆنم زەوی بە شێلم چێنراوە، بەڵام نیگەرانی جووتیاران ساغ نەبوونەوەی بەربوومەکانیانە لە بازاڕدا، بۆ ئەو مەبەستەش بە کردنەوەی بازاڕی تایبەت و هاوکاریکردنی جووتیاران هەوڵماندا هاوکارییان شەش تۆن بەربوومی تووری هەیە لە ئەمساڵدا، باس لەوە دەکات هاوشێوەی هەموو جووتیارانی تر و بەرهەمەکانی جووتیاران لە هەرێمی کوردستان کێشەی گەورەیان ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان هەیە و گوتی:" ئێمە تووربەکە ڕەوانەی عەلوە دەکەین، جاری وا هەیە بۆ یەک کیلۆگرام **250** دینار و هەندێکجار دەگاتە **300** دینار بەپێی جوانی و جۆری تووربەکە". لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە، بکەین و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین".

لە دەشتی شارەزوور چەند جۆرێک تووربەرهەم دەهێنرێت لە جۆری تووری سوور و مۆر و سپی خڕ و درێژ ، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا تووری سووری خڕ بەدەستهێناوەو بە زۆری جووتیاران ڕوویان لە چاندنی ئەم جۆرە تووربەکردووە.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/2/20 ژمارە (5698)

لەندەن دەبێتە وێستگەیەکی کاروچالاکییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان





ساسان دەروێش ـ خەبات

لە درێژەی کاروچالاکییە بەردەوامەکانی ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ولاتانی ئەوروپا و خزمەتکردنیان بە دۆزی رەوای گەلی کورد و ناساندنی شوناسی نەتەوەی و پرسەکانی ئافرەتی کورد بە هەمانگی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و بەشداربوونی لێژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان رووبان لە ندەن پایتەختی بەریتانیا کرد بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەک. شاندی ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێکهاتبوون لە خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرس و خاتوو شوکریە حەمەد بەرپرسی دارایی و خاتوو شوعلە رەسوڵ بەرپرسی رێکخستن و راگەیاندن .

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

وێڕای کاروچالاکییە بەردەوامەکانی ئۆفیسی ئەوروپا و ئەنجومەنەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ولاتان بەجیا، لە سەرەتای ساڵی نوێوە ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە جێبەجێکردن و داڕشتنەوەی پلانی ساڵانەشن بەجیا لەگەڵ ئەنجومەنەکان و سەردانیان دەکەن کە یەکەم وێستگەیان بۆ لەندەن پایتەختی بەریتانیا بوو. سەرەتا کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ خاتوو رۆشنا زەنگەنە بەرپرسی ئەنجومەنی لەندەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و بەشداربوونی خەسرەو ئاژگەیی جێگری بەرپرسی لێژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد کە تاوتوێی کاروچالاکییەکانی ئەنجومەنی لەندەنی تیداکرا و خزمەتیانیان بەرزنرخاند لە بەردەوامیان و هەنگاوەکانیان بۆ پێشخستنی پرسی ئافرەتان و دۆزی رەوای گەلەکەیان لەنێو کۆمەڵگەکانی ئەو ولاتەدا و داڕشتنی پلانێکی تۆکمەش بۆ ساڵی 2019 و لە بەرامبەریشدا ئەنجومەنی لەندەن سوپاسی پشتگیری و هەماهەنگیانی کرد.

سیمینارێک لەسەر رەوشی کوردستان و ئافرەتی کورد بەڕێوەچوو

بەبۆنەی هاتنی شاندی ناوبراو لە ئۆفیسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرپەرشتی خاتوو فەزیلە شۆڕش بۆ لەندەن، هاوکات ئەنجومەنی لەندەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرپەرشتی رۆشنا زەنگەنە، سیمینارێک لەسەر رەوشی ئێستای کوردستان و پێشهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسە گرنگەکانی ئافرەتان لەم قۆناغەدا سازکرد بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە و بەڕێوبەرانی و میواندارای نوێنەرانی لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و "گاری کنت" سکرتێری پارتەکانی نێو پەرلەمانی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان و خاتوو "بلیندا پریمان" لە کوردش هاوس لەندەن بەڕێوەچوو. لە دوای بەخێرهاتن بە ساتێک وەستان و بێدەنگی و ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان سەروبەریان بارزانی نەمر و لێدانی مارشی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (من ئافرەتم) پێشکەشکرا و پاشان لەلایەن ڕۆشنا زەنگەنە لە باسێکی چڕ و پوختە باسی ئافرەتی کوردی لە قۆناغەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی خستەڕوو لەگەڵ خوێندنەوەی راپۆرتی کار و چالاکییە بەردەوامەکانیان لە لەندەن بە وێنە لە ڕێگەی شاشەی تیڤی، هەروەها گاری کنت وتارێکی پێشکەشکرد دەربارەی ڕەوشی سەقامگیر و بەرەوپێشچوونی ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی سەردانی کوردستانی کردووە و لەنزیکەوە ئاگاداری پێشکەوتنی کوردستانە. پاشان خاتوو بلیندا پریمان وتارێکی پێشکەشکرد کە تایبەت بوو بە ئافرەتانی کوردی لەندەن کە تێیدا وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵی گرنگی ئافرەتی کورد و ئەزمونی کارکردنیان پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێت ڕۆڵیان هەبێت بۆ کارکردن لە لەندەن بەوەیکە یارمەتیان بدات و ڕێنمایان بکات، هەروەها لەلایەن خەسرەو ئاژگەیی جێگری بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەشکرد دەربارەی ڕەوشی سەقامگیر و بەرەوپێشچوونی ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی سەردانی کوردستانی کردووە و لەنزیکەوە ئاگاداری پێشکەوتنی کوردستانە. پاشان خاتوو بلیندا پریمان وتارێکی پێشکەشکرد کە تایبەت بوو بە ئافرەتانی کوردی لەندەن کە تێیدا وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵی گرنگی ئافرەتی کورد و ئەزمونی کارکردنیان پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێت ڕۆڵیان هەبێت بۆ کارکردن لە لەندەن بەوەیکە یارمەتیان بدات و ڕێنمایان بکات، خۆگرت بۆ کارکردنی ئایندەیان و ئێستایان و لە کۆتایشدا سوپاسی ئەنجومەنی لەندەنی کرد کە لە کاروچالاکییەکانیان شوێن دەستیان دیارە. دوای ئەوە دەستکرا بە دابەشکردنی سوپاسنامەی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێزلێنانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەسەر ئافرەتانی چالاک دا، لەو نێوەندەشدا خاتوو پەیمان بەرزنجی گولبژێرێکی لە شیعرەکانی کردە دیاری بۆ ئامادەبووان. لە کۆتایی سیمینارەکەشدا لەلایەن شوعلە رەسول دەرگای گفتگۆی بۆ ئامادەبووان کردەوە کە بە بیروڕای جیاواز و پێشنیاریان دەربارەی بابەتەکان و پرسەکانی ئافرەتان و زۆر بە خۆشحاڵییەوە بە شیکارێکی جوان و هێنانەوەی نموونە و پشتبەستن بە بەڵگە وەڵامی هەمووان درایەوە و بابەتەکان دەوڵەمەندتر بوون و زۆر سەرکەوتوانە لە دوای چەند کاتژمێرێک کۆتایی هات.

هاندانی ئافرەتانی کورد لە نیو کاری حزب بەردەوام بێت

هەمان شاندی ئۆفیسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ لەندەن، بەگرنگیان زانی کە سەردانی بارەگای ڕێکخراوی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و لە لایەن ئیسماعیلی بەرپرس و هەڤاڵانی پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا و لە میانەی ئەو دیدارەشدا زۆر باس و خواست دەربارەی ئەمڕۆی کوردستان و ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە پێگەکانی سیاسی و حزبی وحکومیدا کرا و هیوای ئەوەیان خواست ڕەنگدانەوەی بۆ تاراوگەش هەبێت و ئافرەتی کورد زیاتر هان بدری کاری حزبی و ڕێکخراوەی بکات بۆ خزمەتی زیاتری کورد و دۆزی ڕەوای نەتەوەیمان. ئیسماعیل بەربری ڕێکخراوی پارتی باسی لە کاروچالاکی ئافرەتان کرد لە نێو ڕێکخراوی حزبی و ڕۆڵیانی بەرزنرخاند و شاندی ناوبراویش سوپاسی کردن و هیوای بەردەوامی بۆ خواست .

لە دوا وێستگەی کاروچالاکییەکانی شاندەکە سەردانی کەمال ئامێدیان کرد لە هەمان ئێوارەی ڕۆژدا شاندی ئۆفیسی ناوبراو بە هەمانگی لەگەڵ بەرپرسی ئەنجومەنی لەندەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و جەلال شوانی ئەندامی لێژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی پێکەوە سەردانی کەمال ئامێدی بەرپرسی ناوچەی پارتی کرد کە ماوەیەکی زۆرە نەخۆشە و لە جێگادایە، بۆ هەواڵ پرسینی و لە نزیکەوە ڕەوشی تەندروستیان پرسی و هیوای چاک بوونەوەیان بۆ خواست، لە بەرامبەریشدا کەمال ئامێدی زۆر خۆشحاڵ بوو بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە و سوپاسی کردن.

زمانی دایک شوناسی هەر گەلێکە



بەدواداچوون/ ژیلا کەریم

ڕۆژی 21ی شوبات -2ی ڕەشەمە لە لایەن یونسکۆوە وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک Mother Language Day Editing International نێونراوە. هۆی نێولێنانی ئەو ڕۆژە لە کۆنفرانسی یونسکۆ لە ساڵی 1999بە مەبەستی یارمەتیدانی بە جۆری زمان و کلتورە جیاوازەکان بووە.

هۆکاری نێولێنانی ڕۆژی جیهانی دایک لەو کاتەوە دەستپێکرد کە لە ساڵی 1952قوتابیانی زانکۆکانی شاری داکا پایتەختی ولاتی بەنگلادیش لە ئێستادا کە ئەو کات بە پاکستانی ڕۆژهەلات دەناسرا و سەربەخۆیی وەرنەگرتبوو، هەوڵیاندا زمانی بەنگالی وەک دووهەم زمانی پاکستان (لەپاڵ زمانی ئوردوو) بە فەرمی بناسێنن. بۆ ئەو مەبەستەش خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان ڕێکخست، بەڵام بەداخەوە بە تووندوتیژی وەڵام درایەوە و ڕووبەڕووی تەقەی هێزکانی پۆلیس بوونەوە و چەند قوتابییەک گیانیان لەدەستدا. بۆ یەکەمجار پاش سەربەخۆیی بەنگلادیش لە ولاتی پاکستان و بە داخوازی ئەو ولاتە، ڕێکخراوی یونسکۆ لە 17ی نۆڤەمبەری 1999 ڕۆژی 21ی فەوریبەری کە دەکاتە 2ی ڕەشەمە وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دەستنیشان کرد کە 188 ولاتی ئەندامی یونسکۆ دەنگیان بۆدا. لە ساڵی 2000وە لە زۆربەی ولاتان ئەو ڕۆژە بەرزڕادەگیرێ. لە جیهاندا 6000 زمان هەیە کە زۆربەیان مەترسی لە نێوچونیان لەسەرە. زمانی کوردی لە نێو ئەو پلەبەندییە ردەی 59هەمین زمانی هەیە. زمانی فارسی پلەی 74 هەیە. بەداخەوە بە تێپەڕبوونی زەمەن لە ژمارەی ئەو زمانانە کەم دەبێتەوە و بەشێکی زۆر لەو زمانانە لەنێودەچن . هۆکاری لەنێوچوونی ئەو زمانانەی نەبوونی پاڵپشتی میژوویی نووسراو، دەوڵەمەندنەبوون بە وشە و فرە زاراوەیی و نەبوونی پاڵپشتی سیاسییە.

لە جیهاندا 6000 زمان هەیە کە زۆربەیان مەترسی لە نێوچونیان لەسەرە. زمانی کوردی لە نێو ئەو پلەبەندییە ردەی 59هەمین زمانی هەیە

گرنگی زمانی دایک

"ئالفوس دودە" دەڵێت: هەر نەتەوەیەک زمانی دایکی خۆی زمانی دایک بە دروستی دەردەبڕدرێت و زمانەکانیتر لەو بابەتە بێ توانان. بە گشتی دەتوانین بڵێین پیشاندانی هەست و سۆز، مانا و توانا و هەروەها ڕاهێنان و فێربوون و گەشەی خوێندن بە تایبەت لە ساڵە سەرەتاییەکانی خوێندن، تەنیا لە چوارچێوەی زمانی دایک کاریگەری دەبێت. دەرفەتەکانی پێشکەوتن و گەشە لە هەر ولاتێک لە تەمەنی منداڵی و باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی دادەڕێژرێن و بۆ هەر مەبەستێک دەبێت تووی پێشکەوتنی ولات لەو تەمەنە بچێنرێت. ئێستا ولاتانی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو بە گرنگییەکی زۆرەوە دەڕواننە ئەو بابەتە و وەک سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێک هەوڵدەدەن خوێندن و قسەکردن بە زمانی دایک بۆ هەر منداڵێک دەستەبەر بکەن و تەنانەت لە بەرنامەی پەنابەراندا ئەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. ئێستاکە ئەرکی زمانزان و نووسەر، میژوونووسان و سیاسییەکانی کوردستان زۆر قورسە و پێویستە بە بەرنامە و پلانی تۆکمە، زمانی کوردی کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانەکانە لە ڕووی فرە زاراوەیی و وشەی بەپێز و تێگەیشتنی سانا بپارێزن و زیاتر هەوڵ بۆ دەوڵەمەنترکردنی بدەن. هەر تاکێکی کورد دەبێت خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و لە چوارچێوەی دەستپاندنی شوناس و کەسایەتی نەتەوەیی لە تێکۆشان نەوەستێت.

بۆ دووركەوتنەوە لە شێرپەنجەی مەمک شێوازی ژیانتان بگۆڕن

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

ئافرەتان بە لەبەرچاوگرتنی سێ خاڵ دەتوانن لە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک کەمبکەنەوە.

بە پێی ئەنجامێکی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی شێرپەنجەی ئەمەریکا، نزیکەی یەک لە سێی ئەگەرەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە بە کۆنترۆڵی کێش، وەرزش و دووركەوتنە لە خواردنەوە کحولییەکان پێشی لێدەگیردرێت.

"ئالیس بەندەر" بەڕێوەبەری پلانی خۆراک لە ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە لە شێرپەنجە لە ئەمەریکا، لەو بارەوە دەڵێت: "لە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە، ڕەوتی چارەسەرکردن زۆر زەحمەتە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئافرەتان لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی سێ خاڵی سەرەکی لە ژیانیان ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک و هەروەها جۆرەکانی دیکەی شێرپەنجە و نەخۆشی دڕێژخایەنەکان کەم دەبێتەوە."

زانایان یەکەم هەنگاو گەیشتن بە کێشێکی گونجاو و کۆنترۆڵکردنی بەردەوامی دەزانن. نزیکەی 20 لە سەدی هۆکاری تووشبوونەکان بە شێرپەنجەی مەمک چەوری زیادەی جەستەیە. جگە لە شێرپەنجەی مەمک، کێشی زۆر ئەگەری تووشبوون بە دە جۆری دیکەی شێرپەنجە زیاددەکات.

دووهەمین هەنگاو، لانیکەم سی خولەک پیاسەیە لە ڕۆژدا کە جوولەیەکی فیزیکی لەسەرخۆیە. چالاکی جەستەیی یارمەتیدەرە بۆ کۆنترۆڵی کێش و کۆنەندامی بەرگری جەستە بەهێز دەکات.

سێیەمین هەنگاو دوورکەوتنەوەی لە خواردنەوە کحولییەکان، چونکە خواردنەوەی ئەگەری توشبوون بە شێرپەنجەی مەمک زیاددەکات.

ئەو زانیانە شیرپێدانی سروشتی دایک ڕێگەیەک بۆ دوور کەوتنەوە لە شێرپەنجەی دەزانن.



ریال مەدرید بەهای ئیسکۆی دیاریکرد



فلۆرنتینۆ پیریز سەرۆکی یانەی ریال مەدرید بەهای فرۆشتنی یاریزانی ئیسپانی ئیسکۆ لەهێڵی ناوەڕاستی مێرینگێ لەهاوینی داهاتوو دیاریکرد، تۆڕی (سپۆرت میدیاست)ی ئیتاڵی بڵاویکردەوە کە ریال مەدرید چاوەڕێی بڕندیکی 80 ملیۆن یۆرۆیی دەکات لەپێناو رەزامەندی لەسەر دەستبەرداربوونی ئیسکۆ. کە هەردوویانەی یۆڤنتۆس و مان سیتی دیارترین ئەو یانانە گرنگی بە ئیسکۆ دەدەن، چاوەڕێ ئەوە دەکەن بتوانن لەهاوینی داهاتوو بەخزمەتەکانی بگەن، ئیسکۆ بەهۆی دارمانی پەیوەندی لەگەڵ راهێنەری ئەرژەنتینی سانتیاگۆ سۆلاری بڕیاری رۆیشتنی لەریال مەدرید دا. لەدوای هاتنی راهێنەری ناوبراو ئیسکۆ هیچ یارییەکی لەلالیگا ئەنجام نەداوە، کە پێشتریش دڵگرانی خۆی بەرامبەر ئەو رەوشەی ئێستای لەریال مەدرید دەربڕی، بەتایبەتی دوای ئەوەی زۆر بەکەمی لەگەڵ پێکهاتەی سەرەکی یانەی شاهانە دەبیندرێت.

فیلیکس زڤایەر یاری یۆڤی و ئەتلەتیکۆ مەدرید بەڕێوەدەبات

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا رایگەیاند کە ناوبژیوانی ئەڵمانی فیلیکس زڤایەری دەستنیشانکردووە بۆ بەڕێوەبردنی یاری نێوان یۆڤنتۆسی ئیتاڵی و ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی لەسەر یاریگای واندا مێترۆ پۆلیتانۆ لەچوارچێوەی ململانێکانی یاری چوونی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. پێشتر ناوبژیوانی ئەڵمانی تەمەن 38 ساڵ هیچ یارییەکی بۆ ئەم دوو یانەیە بەڕێوەنەبردووە. هەروەها یوپفا ناوبژیوانی ئیسپانی کارلۆس دیل سیرۆ گرانڈی بۆ بەڕێوەبردنی یاری نێوان شالکەی ئەڵمانی و مان سیتی ئینگلیزی لەهەمان قۆناغ دیاریکرد.

گریزمان: دەمانەوێت بگەینە کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا



ئەنتوان گریزمان ئەستێرەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی دووپاتیکردەوە کە ئامانجی تیپەکەیان لەم وەرزە گەیشتنە بەیاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کە ئەمشەو لەسەر یاریگای خۆیان (واندا میترۆپۆلیتانۆ) لەیاری چوون رووبەڕووی یۆڤنتۆس دەبنەوە، ئەستێرەی فەرەنسی لەلێدوانێنکی بۆ رۆژنامەی (کۆرێری دیلۆ سپۆرت)ی ئیتاڵی گوتی: ئێمە یاریزانی بە ئەزموون و شارەزامان هەیە، کە پێشتر لەیاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یاریان کردووە، هەروەها هەشمانە خاوەن نازناوی خولی یۆرۆ لیگەو بەشداری مۆندیالی رابردوو کردووە، ئامانجمان ئەوەیە بگەینە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کە لەسەر یاریگای ئێمە بەڕێوەدەچێت، ریگامان زۆر زەحمەتە، بەڵام هەموو تواناکامان بۆ ئەم مەبەستەدەخەینە گەڕ، ئەمشەو ئەتلەتیکۆ مەدرید لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یۆڤنتۆسی ئیتاڵی دەکات.

نەبەز روستایی

لازیۆ بەر لەیاری ئیشبیلیە ساڤیچی بەدەستهێنایەوە

تۆری (سپۆرت میدیا سیت)ی ئیتاڵی بڵاویکردەوە کە ئەستێرەی سڕبی سێرجی میلینکۆڤیچ ساڤیش لەیاری داهاتووی یانەکەی لازیۆ بەرامبەر ئەشبیلیە لەپێنج شەمەی داهاتوو بەشداری دەکات، کە یاری گەرانەوەی قۆناغی 32ی خولی یۆرۆ لیگە، دوای ئەوەی لەپێکان چاکبۆوە. تۆری ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە ساڤیچ ئێستا بەتەواوی ئامادەیە دوای ئەوەی بەهۆی پێکانەوە لەماوەی رابردوو لەیاریکردن دابڕاو بەشداری یاری چوونی سەر یاریگای ئۆلێمپیکۆی نەکرد، کە تیایدا یانەکەی بەگۆڵێکی خاوێن بە یانەی ئەندەلوسی ئیسپانی دۆڕا. لازیۆ لەو یارییەدا پێویستی بەسەرکەوتنە بە ئەنجامی 2 گۆڵی بێ وەڵام، یاخود بەجیاوازی 2گۆڵ، ئەگەر بەگۆڵێکی خاوێن سەرکەوێت، ئەوا یارییەکە دەچێتە کاتی زیادکراو.


بەرشلۆنە لەسەر حیسابی ریال مەدرید بووە پاڵەوانی جامی شای باسکە





یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی نازناوی جامی شای ئیسپانیای لە تۆپی باسکە بەدەستهێنا، دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی ئەم خولەدا بەسەر رکابەرە سەرەکییەکەی ریال مەدرید بەئەنجامی 93-94 بەکاتی زیادکراو سەرکەوت. بەم سەرکەوتنەی یانەی بەرشلۆنە توانی بۆ سالّی دووەم لەسەر یەک پاریزگاری لەنازناوی جامی شای ئیسپانیا بکات، کە لەسالّی رابردووش هەر لەسەر حیسابی یانەی ریال مەدرید بوو، دوای ئەوەی بەئەنجامی 92-90 لێی بردەوە، بەمەش یانەی بەرشلۆنە بووە خاوەنی 25نازناو لەم خولەداو لەپلەی دووەم مایەوە، بەرامبەر بە 27نازناو بۆ یانەی ریال مەدرید.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/2/20 ژمارە (5698) خەبات



بێڵ ئاهەنگی هاوسەرگیری لەدوورگەیەک ئەنجام دەدات

یاریزانی یانەی ریاڵمەدرید گاریس بێڵ، بڕیاریدا ئاهەنگی هاوسەرگری لە دوورگەیەکی تایبەت ئەنجام بدات و چەندین پاسەوانی چەکداری لەنێوەندی مەترسی ئاسایش بەکرێگرتووە. هێرشبەری وێڵزی تەمەن 29 ساڵ لەهاوینی داهاتوو دەچێتە ناو قەفەزی زێڕین و ژیانی هاوسەری لەگەڵ یما ریس گۆنز لە تاگۆماگۆ پێک دەهێنێت، کە ئەمشوێنەیە بۆ هاوسەرگیری دیاریکراوە. لەکاتێکدا بڕیاربوو لەساڵی رابردوو لە کۆشکی ڤینسیگلیاتا لە تۆسکانی ئەنجامی بدات. بەڵام ئامۆژگاری کرا کە شوێنێکی ئارام دیاری بکات، دوای ئەوەی هەڕەشەی لێکرا بەهۆی جانتایەکی نادیار کە 750 هەزار پاوەندی لە پارەی ماددە هۆشبەرەکانی تێدابوو. هەموو تێچووی بەکرێگرتنی ئەو دوورگەیە 500 پاوەندە بۆ یەک کاتژمێر، کە تیایدا 150 کەس ئامادە دەبن، لەنێوانیاندا ئەستێرە وەرزشییەکان، لەسەر کەشتییەک لەنزیک شاری ئیبیزا.

خراپترین 11یانەی پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا لەدوایین گەڕی خولەکاندا



مانگەڕی (ترانسفێر مارکێت)ی ئامار ئامارێکی سەبارەت بە خراپترین 11یانە لەپێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا لەدوایین 10گەڕی رابردوو بڵاوکردەوە، کە پێشەنگی ئەم لیستە یانەی هادرسفیلد تاونی ئینگلیزی وەریگرتووە، بەژمارەیەکی نەرێنی کە لەو 10گەڕدا توانیویەتی تەنها 1خاڵ بەدەست بێنێت، ریزبەندی ئەم لیستەش بەمشێوەی خوارەوە بوو:

هادر سفیلد تاون/ئینگلتەرا (1خاڵ)
نۆرنبێرگ/ئەڵمانیا (2خاڵ)
گیرۆنا/ئیسپانیا (4خاڵ)
هانۆڤەر/ئەڵمانیا ((5خاڵ
ئۆگسبۆرگ/ئەڵمانیا (5خاڵ)
کالیاری/ئیتاڵیا (6خاڵ)
ئیمپۆلی/ئیتاڵیا (6خاڵ)
برایتۆن/ئینگلتەرا ((6خاڵ
ڤیاریال/ئیسپانیا (6خاڵ)
کۆن/فەرەنسا (6خاڵ)
ئیسپانیۆل/ئیسپانیا (7)خاڵ

ئۆزیل ڕەتیکردەوە ئارسناڵ جێبهێڵێت

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی بەریتانیا لە شەمەی ڕابردوو ئاشکرایان کرد کە یاریزانی ئەڵمانی مەسعود ئۆزیل ڕەتیکردەوە یانەی ئارسنالی ئینگلیزی لەگواستنەوەکانی زستانەی ڕابردوو جێبهێڵێت.

ڕۆژنامەی(دایلی میڵ)ی بەریتانی ئاماژەی بەوەکرد کە یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ئەڵمانی هەموو هەوڵەکانی یانەی ئارسنالی ڕەتکردەوە بۆ ڕازیکردنی جێهێشتنی یانەی لەندەنی، کە ئەمەش بووە هۆی توورەییەکی زۆری دەستەی کارگێڕی یانەکە بەرامبەر بەهەڵس و کەوتەکانی. ڕۆژنامەکە دەڵێت: ئۆزیل ئاگاداركردنەوەیەکی لەلایەن ڕاهێنەری ئیسپانی ئۆنای ئیمری پێگەیشتووە، کە بەدوای یانەیەکی دیکە بگەڕێت لەگواستنەوەکانی زستانەدا، بەڵام ئەستێرەی پێشووی ریال مەدرید ئەم داوایەی ڕاهێنەری پشت گوێ خست.

یاریزانی ئەڵمانی موچەیەکی 350 هەزار پاوەندی هەفتانە وەردەگرێت و تا ساڵی 2021 بۆندەکەی لەگەڵ یانەی تۆپچییەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام دەستەی ئیدارە هەوڵ دەدات خۆی لێ ڕزگار بکات بۆ ئەوەی ئەم خەرجیە زۆرەی بخاتە ئەستۆی لایەنێکی دیکە. ئۆزیل لەم وەرزەدا تەنها بەشداری 18یاری کردووە، ئیمری لەزۆربەی یاریيەکانی یانەکەی دووری خستۆتەوە، دواینیان بەرامبەر یانەی بایت بۆریسۆڤ بوو لەخولی یۆرۆ لیگ کە بەگۆڵێک شکستیان خوارد. زانیارییەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە یانەی ئارسنال بەدوانی یانەیەک دەگەڕێن کە بۆ ئۆزیل گونجاو بێت تاکو بتوانێت ئەم موچە گەورەیەی لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە، بەتایبەتی لەکاتێکدا یاریزانی ناوبراو نایەوێت بەخواستن بچێتە هیچ یانەیەک.



ئەستێرەکانی ئەمریکا بەسەر ئەستێرەکانی جیهان سەرکەوتن

ئەستێرەکانی تۆپی باسکەی ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەر ئەستێرەکانی جیهان تۆمارکرد، کاتێک بە ئەنجامی 144-161 خاڵ لێیان بردنەوە، لەمیانی فیستیڤاڵی (هەموو ئەستێرەکان) کە سااڵنە لە خولی باسکەی پیشەگەرانی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت، لە ریزی ئەستێرەکانی ئەمریکا یاریزان کایل کۆزمای ئەستێرەی یانەی لۆس ئەنگلۆس لیکەرز ئاستێکی بێوێنەی پێشکەشکردو توانی 35خاڵ تۆمار بکات و 6 هێرشی پێچەوانەشی هەبێت، هەروەها گایسۆن تاتۆمیش 30 خاڵی تۆمارکرد، لەلایەنی دووەم بن سیمۆنەز ئەستێرەی یانەی فیلادلفیا سڤنتی سیکسێرز باشترین یاریزانی ئەستێرەکانی جیهانی تازە پێگەیشتوو بوو کە توانی 28 خاڵ تۆمار بکات. ئەم یارییە نمایشکارییە سااڵنە بۆ ئەو یاریزانانە ئەنجام دەدرێت کە وەرزی یەکەم یاخود دووەم لەخولی ئەمریکای پیشەگەران یاری دەکەن. ئەم فیستیڤاڵەش بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێت کە پێشبڕکێی ئاشتی دانک و سێیەن و چێلس کێلینگ دەگرێتەوە، لەگەڵ یاری هەموو ئەستێرەکان.

ئەپەز ڕوستایی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگەداریی‌یەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 20. Feb. 2019 No: (5698)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هاوسەرەکەم هاندەر و پاڵپشتی بەهێزمە لەسەرکەوتنەکانم

میوزیکژەن کاروان حەمید حەلاق:

من خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوردی دەکەم هیچ کەس ناتوانێت بموەستێنێت



بەرهەم شێخ عزەدین

کاروانی حەمید حەلاق ناسراو بە (کاروان باڵەبان) ناوێکی ئاشنایە لەلای ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا، ئەو گەنجە خۆبەخشەی هونەری خۆی بۆ زێدی ڕەسەنی کورد تەرخان کردووە لە هەر بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ئەوروپا ئەنجام بدرێ کاروانی باڵەبان خۆی دەگەیێنێتە ئەوێ و بۆ زیندوویی زێدی باب و باپیرانی مۆسیقاو گۆرانی دەچڕێ، بەهەرەمەندی و سەلیقەی ئەو مرۆڤە هەر لەوێ ناوەستێ، بەڵکو شانبەشانی ئەوەش ئافراندنی مۆسیقی بۆتە دەنگۆی نێوەندی هونەری، ئەو زۆر بە نۆرماڵی ڕیتمی ڕۆژئاواو کوردی ڕەسەن و ئەفریقیاو کوردی تێکەڵ دەکات و بە شێوازێکی نوێ پێشکەشی جەماوەری دەکات،کاروان لەسەرجەم بۆنەکان بەجلوبەرگی ڕەسەنی کوردی دەردەکەوێت و هەموو هەوڵی بۆناساندنی کولتور و هونەری کوردە بەجیهان و لەخەمی پاراستنی ڕەسانایەتی نەتەوەکەیدایە، سەرباری ئەوە کەسانێک کە وەک تارمایی خۆیان بە ناحەزی ناساندووە تانە و تەشەری لێ دەدەن و لە هەوڵ و کۆشش و ماندوو بوونی کەم دەکەنەوە، بگرە ئەوەندە بێنەزاکەتن تا ئەو ڕادەیەی دەیانەوێ کێشەی خێزانی بۆ بە دوای شکاندنەوەی خەڵکی بەهرەمەند دەگەڕێن و نەخۆشیی خۆیان بەو کارە قێزەونە چارەسەر دەکەن. چ بێ ئەقڵییەکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ؟!

کاروانی باڵەبان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک لە خۆشەویستی بۆ هونەرو خێزانەکەی ناپوەستێنێ چونکە ڕق و کینە شتێک نییە کە ڕێگەی سەرکەوتن لە ئەو ون بکات،هەروەها دەڵێیت:من سەرکەوتنە کانم دەکەمە ملوانکەو ئەیخەمە گەردنی هاوسەرەکەم چونکە ئەو دڵ خۆشترین کەسە بە سەرکەوتنەکانم، ئەو هاندەری سەرەکییمە لەبەردەوامی و هەرکات ناحەزان کێشەم بۆ دروست بکەن ئەو بەگڕوتینی زیاترەوە هانم ئەدات بۆکاری جوانتر و زیاتر جگەلەوەش گەرکەسانێک هەن دەیانەوێت ڕێی سەرکەوتنم لێ ون بکەن وچاویان بەکارەکانم هەڵ نایات بێگومان بەهەزاران دڵ سۆزی ئەم گەلە دەست خۆشی و پشتیوانیم لێ دەکەن.بۆیە تاخوێنم تیابێت بەردەوامم دەبم لەخزمەتی گەل و وڵاتەکەم لەڕێی هونەرەکەمەوە. ئەم بۆچونانەی هونەرمەند کاروان حەمید حەلاق لەڕێی پەیوەندییەکی تەلەفوونی و ڕوونکردنەوەیەکی هونەرمەندە.

ئەمڕۆ پێشانگەی فۆتۆگرافی «تاریک ڕوون» لە قەڵای هەولێر دەکرێتەوە



بەرهەم شێخ عزەدین

لە دریژەی چالاکییەکانیدا ڕێکخراوی (کوردستان فۆتۆ) بە هەماهەنگی کۆمیسیۆنی باڵای بووژانەوەی قەڵا پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی فۆتۆگرافەر (سامان عەلی) دەکاتەوە، ئەم پێشانگەیە لە قەڵای هەولێر- لە سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵا، کاتژمێر (10)ی بەیانی ئەمڕۆ 20ی شوباتی 2019، دەکرێتەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت و لە سەعات 10ی بەیانی تا 5ی ئێوارە. سامان عەلی لە بارەی ناونیشانی پێشانگەکەوە بەخەباتی گوت: (تاریک و ڕوون) لە ناوی دیوانە شیعرەکەی مامۆستا هێمن موکریانی خواستووە، بەڵام بە مەبەستێکی جیاواز بەکارم هێناوە، بە بۆچوونی من ڕەش و سپی گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەی دنیا بینینە، کەسانی ناو وێنەکانم فیگەری فۆتۆگرافی نین ، بەڵکو پاڵەوانی چیرۆکەکانمن، پێکەوە بەسەرهاتی یەکتری ئەگێڕنەوە. ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ ڕێکخراوێکی ناحکومیی هونەریە، ماوەی چوار ساڵە دامەزراوە و لە ڕابردووش چەندین چالاکی لە بواری جیا جیا لە کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ئەنجامداوە .



لوجین عومران:
باوکم خۆشەویستی یەکەممە

بە گوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری هونەری گشتی زەهرەتولخەلیج لوجین عومران کچە ڕاگەیاندکارو هونەرمەندی ناسکی سعودی بەشێوازێکی دیکە لەگەل خۆشەویستەکەی دەرکەوتەوەو لوجین چەند وێنەیەکی خۆی لە ئینستگرام بڵاوکردەوە کە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی زۆرێک لە هەواداران. لوجین عومران سعودی دوای ئەوەی لە مێردی یەکەمی جیابوونەوە، ڕووی لە کاری نواندن کردو سەرکەوتنی بەڕچاوی بە دەست هێناوە، وەک خۆی جەختدەکاتەوە ئێستا زۆر بەختەوەرەو لەگەل خانەوادەکەی دەژی. دەربارەی خۆشەویستی نوێ، لوجین عومران دووپاتیکردەوە کە خۆشەویستی یەکەمم لەسەرووی هەموو خۆشەویستەکانەوەیە ئەویش باوک مامۆستامەو ئێستا ئەو خۆشەویستی منە.



دەڤەری بارزان.. بەرەو بەهاری کوردستان (فۆتۆ: عەلی زوبێر)

چاپکراوی نوێ

جیهان بە چاوی کورددییەوە

جیهان بە چاوی کورددییەوە، ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هاتۆتە وەشاندن، ئەم کتێبە لەلایەن شاعیر و نوسەری گەڕیدە (بەدل ڕەفۆ) ئامادە کراوە و لەلایەن چاپخانەی خانی لە شاری دهۆک چاپکراوە. چاپە عەرەبییەکەی لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2018 لە دووتوێی (410) لاپەڕە لە ڕێورەسمێکی شایستەدا هاتۆتە بڵاوکردن، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیران ئامادەی بوون و واژۆ لەسەر کتێبەکە کرا، لە ڕێورەسمێکیشدا (بەدەل ڕەفۆ) لەلایەن سەرۆکی دەزگای چاپی خانێ ڕێزی لێنراو خەڵات کرا. لە مانگی شوباتی ساڵی 2019 چاپە کوردییەکەی کە لەلایەن (ژیان عەبدولحەمید)ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی بە ڕەزامەندی بەدل ڕەفۆ بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبەش بە هەمان شێوە لە دوو توێ (475) لاپەڕە دەزگای خانێ بڵاوکردنەوەو لە چاپ دانی لە ئەستۆ گرت. شایەنی باسە ناوەرۆکی کتێبەکە زۆر دەوڵەمەندە بەو گەشتانەی نووسەر خۆی بەئەنجامی گەیاندوون و زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، تێدا گەلی کورد هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە.

